زمان ١١٠

# ڕێنووسی کوردی
# لـــه
# ڕەگ و ڕیشەوە



مصطفی نەریمان

عمادة كلية الآداب
المكتبة

٤٩١/١١
٥٤٦٩ م

# ڕێنووسی کوردی
# لە
# ڕەگ و ڕیشەوە

مصطفى نەریمان

١٩٨١ی زاینی
١٤٠١ی کۆچی ٢٦٨١ی کوردی

کۆماری عیراق وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن
بەغدا ١٩٨١
دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی زنجیرەی زمان (٥)

# پێشەکی

لەوساوە بە ئامانجی هێنانە بەرهەمی (ببلیۆگرافیای کتێبی کوردی)[١] یەوە دەستم کردبووە پشکنینی کتێبەکانمان شان بە شانی ئەمەش لە یەکەم کتێبی کوردی یەوە بە ووردی و لەسەرخۆ روانیومەتە چۆنێتی نووسینی ئەو کتێبە کوردی یە تاوەکو لە سەرچاوەی کتێبی چاپکراومانەوە لە گۆڕین و بەرەو پێشەوە چوونی رێنووسی کوردی ئاگاداری یەکی تەواو پەیدا بکەم ئنجا لێرەوە هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵیا سەرکەوتووم ، هەر نووسەرێك یان هەر دەزگایەك چی شتێکی نوێ ی دەربارەی رێنووس هێنابێتە بەرهەم دەدم بڕیوە تاوەکو بەم هەوڵدان و ئەرکە خوێنەری بەرێز لە رەگ و ریشەوە لە رێنووسی کوردی ئاگاداری یەکی باش پەیدا بکات و ئەرك و ئەمەکی هەموو کەسێکی بۆ روون بێتەوە هەروەها لەو کونج و کەلەبەرانەش بکات کە تاوەکو رۆژی ئەمرۆمان چارەسەریان بۆ نەدۆزراوەتەوە .

لەم بارەیەوە وەنەبێت خۆم بەیەکەم شۆڕەسواری ئەم مەیدانە دابێتە قەڵەم بەڵکو چ لە لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکانمان و[٢] چ بە کتێب[٣] زۆر کەسی ئەوتۆمان هەیە کەلەسەر رێنووسی کوردی نوسیوێتی و بەپێی بۆ چوونی خۆی بیروڕای دەربڕیوەو شتێکی

بەشێك كردووە ، جائیتر یا بۆ چوونەكەی جێی خۆی گرتووەو چەمپاوەو نووسەران پەیرەویان كردووە ، وەیان هەر لە قاوغی خۆیدا حیس بوەتەوەو ووشك هەڵگەڕاوە •

لە هێنانە بەرهەمی ئەم كتێبە ئەم ڕێچكەیەم گرتووەتەبەر :

١ - لەو ڕێنووسە ئەدوێم كەلە لاپەڕەی چاپكراوەكانماندا بڵاو بوەتەوەو لەوێوە سەری دەرهێناوە مەگەر بۆ نموونە هێنانەوە نەبێت ئەوەندە خۆم نەبەستوەتەوە بە ڕێنووسە تایبەتی یەكانی چەند كەسێكەوە •

٢ - ئەو شتە نوێیانەم خستوەتە بەرچاو كە بۆ گۆڕین و بەرەو پێشەوە بردنی ڕێنووسی كوردی كەڵكیان لێ وەرگیراوە •

٣ - بیروڕای خۆمم دەربارەی بەشێك لەو ڕێنووسانە دەربڕیوەو بەراوردێكیشم لە نێوانیاندا كردووە •

٤ - هەندێك لەو كونج و كەلەبەرانەشم خستوەتە ڕوو كە تاوەكو ئێستا چارەسەریان بۆ نەدۆزراونەتەوە •

هومێدەوارم دواكەوتنی لە چاپدانی ئەم كتێبە نەبێتە هۆی نارەزایی ئێوەی بەڕێز •

نەریمان ١٩٧٧

بۆ دەربڕینی هەر دەنگێك هێمایەك وێنە ئەکێشرێت جەو هێمایە (پیت) ئەووترێت ، لەپیتەوە (کەرت ـ بڕگە) دەست ئەکەوێت بڕگەش کەرتێکە لە (ووشە) . نووسینیش دەربڕینی (دەنگە) جەهۆی (پیت) و (ووشە) وە[٤] .

هەرچەندە لەسەرچاوەوە زوربەی زۆری دەنگ لە هەموو زمانەکانی ئەم سەرزەمینەماندا لێکترەوە زۆر نزیکن[٥] بەلام ئادەمیزادی سەربە هەر نەتەوەیەك بەپێی زمانی مادەرزادی خۆی بەچەشنێکی جیاواز ئەو دەنگانە بەوێنە دەرئەبڕێ ، جائەم دیاردەیە لە خۆیدا لێکتر جیا جیایی نێو ئادەمیزاد پیشان ئەدات جا لەسەرچاوەشدا دەنگەکان لێکەوە زۆر نزیکتبن .

## بەرەو ئەلفوبێ داهێنان :

ئەگەر ئەو (ئەلفو بێ)یانەی کەلەسەر ئەم ئەستێرەی ئێمەدا بەکار ئەهێنرێت بژمێرین رەنگە ژمارەیان بگاتە سەد جۆرە ئەلفو بێ یەك بەلام بەشێوەیەکی سەرەکی بەناوبانگترینیان ئەمانەن (لاتینی ، عەرەبی ، سلافی ، هیندی ، چینی)و بە هەریەکە لەم ئەلفو بێیانەش سەدەها ملیۆن کەس ئەنووسن و ئەخوێننەوە ، بۆ نموونە : زوربەی دانیشتوانی هەردوو ئەمەریکاو ئەوروپاو ئوستراليلو بەشێکیش لەئاسیاو ئەفەریقا پیتی (لاتینی) بەکار ئەهێنن ،

وولاتانی عەرەبو ئەفغانو پاکستانو کورد پیتی عەرەبی بەکار ئەهێنن لە وولاتی یابانو بەرینی چینیشدا پینە هەوە کۆنە نەگۆڕاوەکەی خۆیان بەکار ئەهێنن .

## هۆیەکی گرنگ :

ئاینی ئیسلام هۆیەکی گرنگە بۆ ئەوەی (ئەلفو بێی عەرەبی) نەك تەنیا لە وولاتی عەرەب بەڵکو لەبەشی زۆری وولاتانی موسوڵمانی وەك (پاکستانو ئەفغانستانو ئیرانو ئەفەریقای ناوەڕاست)دا بەکار بهێنرێت ، بەدرێژایی ماوەی حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانیدا لە سەرتاپای ئەو وولاتانەی کە لەژێر دکێفیدا بوو زمانی تورکی هەر بە پیتی عەرەبی نوسراوەتەوە .

گەلی کوردیش لەوساوە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلامی قبوول کردووە پیتی عەرەبی لە نووسیندا بەکار هێناوەو کتێبی پێ چاپکردووە وە بۆ ئەوەی لە بنجو بناوانەوە شارەزاییەکی تەواومان لەم پیتانەوە هەبێت پێویستە ئاوڕێك لە مێژووی پەیدا بوونی ئەم پیتانە بدەینو لە گیرو گرفتەکانی ئاگادار ببین چونکە ئەم ئاوڕدانەوە پەیوەندی بە ناوەڕۆکی باسەکەمانەوە هەیە .

## زمانی (عەرەب)و پیتی (عەرەبی) :

مێژوو دەری بڕیوە کە وولاتی (یەمەن) لە چاخی

نیۆلۆثی یەوە[٦] لانکەی سامی یەکان بووەو لێرەوە سامی یەکان شەپۆل بە دوای شەپۆلدا بەرەو باکوور کۆچیان کردووە، لەپێشدا (ئەکەدی یەکان) ئنجا بابلی و ئاشوری یەکان روویان کردوەتە وولاتی میزوپوتامیا هەروەها (کەنعانی و فنیقی) یەکانیش روویان کردوەتە دۆلی نیل و[٧] لێواری دەریای سپی ناوەڕاست .

زانیاریەکی نادروستە

بابلی یەکان کە پایتەختیان شاری (بابل)ی نزیکی شاری حیللەی ئێستایە - نووسینی (مێخی) یان داهێناو میصری یەکانیش نووسینی (هیروغلیفی) یان داهێنا کە بریتی بوە لە پێنجصەد وێنەو لە هەر چوار لای دێرەوە خوێندراوەو نووسراوەتەوە .

زمانی عەرەبی لقێکە لە کەنعانی و ئەمیش ئەچێتەوە سەر ئەو سامی یانەی کە لە وولاتی حیجاز نیشتەجێ بوون .

دەربارەی پەیدابوون و داهێنانی (ئەلف و بێ ی عەرەبی) یەوە گەلێ بیروڕای جیاواز هەیە هەندێك لە سەرچاوە ئاینی یەکان ئەم داهێنانە ئەبەنەوە سەر (ئادەم) پێغەمبەر وەیان (ئیسماعیل) پێغەمبەر (دروودی خوایان لەسەر بێت) هەندێکیش ئەیبەنەوە سەو خەت و نووسینی (موسنەدی حیمیەری) هەندێ سەرچاوەش ئەڵێت لە (ئەنبار)ەوە وەیان لەخەتی مێخی یەوە وە یاخود لە هیرۆغلیفی یەوە پەیدابووە (بڕوانە : وێنەی ژمارە یەك) .




( وێنەی ژمارە -١- )

بەڵام سەرچاوەیەکی نوێ ئەیباتەوە سەر خەتی ئەو (نیبطی) یانەی کە لە سەر خاکی (حۆران)دا ژیاون‌و پایتەختیان شاری (بەطرا) بوەو پێنج صەدەش فەرمانڕەوایی‌یان کردووەو زاڵ بوونەتە سەر ئارامی‌یەکان‌و پەیوەندی بازرگانیان لە گەڵ (ڕۆم)و (میصر)دا هەبووەو ، بۆ کاروباری بازرگانی خۆیان جۆرە پیتێکیان داهێناوە ، هەروەها هۆزی (قورەیش) لەو ماوەیەدا لە نێوان (یەمەن)و (شام)دا بازرگانیان کردووەو لە (نیبطی)یەکانەوە فێری خەت‌و نووسین بوون‌و سوودیان لە خەتی (موسنەدی حیمیەری) یەمەنیش وەرگرتووەو لەم دوو خەتە نووسینەوە هاتوون خەتێکی نوێیان بۆ کاروباری خۆیان داهێناوەو ناویان لێناوە (خەتی حیجازی)[8] ، لەم بارەیەوە ئەگێڕنەوە کە (حەرب کوڕی ئومەییەی کوری عەبد شەمس) یەکەم کەس بووە کە لە وڵاتی حیجاز خەتی نووسیوەتەوە پاش (حەرب) لە کوڕانی (ئەبوسوفیان) یەزیدو مەعاویە فێری نووسین بوون‌و پاش ئەمانەش خوا لێ خۆشبوان (عومەری کوڕی خەططاب)و (عوثمانی کوری عەففان)و (عەلی کوڕی ئەبو طالیب) فێری خوێندنەوەو نووسین بوون .

لە دێر زەمانەوە هۆزی قورەیش بە سەر گەورەی هۆزەکانی نێو عەرەب ناسراوە بەتایبەتی کە قورئانی پیرۆز بەم زارا... بۆ پێغەمبەرمان موحەممەد (درودی خوای لەسەر بێت) هاتە خوارەوە

ئەوا ئیتر بایەخێکی یەکجار فرەی پێدراو بوو بە زمانی پاراوی عەرەب و(٩) قورئانی پیرۆزیش لە کاتی فەرمانڕەوایی (عوثمانی کوڕی عەففان) ـ خ.ل ـ بەم زاراوەیەو بەخەتی (حیجازی) نووسرایەوە تا ئەو سەردەمەش نوختەو سەرو بزوێن بەپیتەکانەوە نەبوو بوو .

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (عەلی کوڕی ئەبوطالیب خ.ل) دا (خەتی کوفی) لە کوفەی پایتەختی عەلی یەوە داهێنرا کە بریتی یە لە کۆمەڵە گۆشەو چوار گۆشەیەك ، هەر لەو سەردەمەشدا قورئانی پیرۆزی پێ نوسرایەوە ، تا ڕۆژی ئەمڕۆمان شوێنەواری ئەم خەتی کوفی یە لەسەر ڕووی پارەی ڕەواجی ئەو کاتەو لە ئایەتە نووسراوەکانی ناو مزگەوتەکاندا لەبەرچاون (بڕوانە وێنەیەکی خەتی کوفی ـ وێنەی ژمارە دوو) .



( وێنەی ژما ە ـ٢ـ )

پاش ئەوەی گەلانی غەیری عەرەب ئاینی ئیسلامیان قبوول کرد هەروا بە ئاسانی ئایەتەکانی قورئانیان بۆ نەئەخوێنرایەوەو هەڵەیان تیادا ئەکرد لەبەر ئەمە لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەمەوی یەکان (ئەبولئەسوەدی دوئەلی) بزوێنی لە چەشنی نوختەدا خستە سەرهەندێك لەپیتەکان و هەموو قورئانی پێ نووسیەوە(١٠) هەر لەو سەردەمەشدا (نەصر کوڕی عاصم) نوختەی بۆ پانزدە پیت دانا(١١) ، بەم جۆرە پیتی عەرەبی لە سەرچاوەوە لە هیرۆغلیفی و مێخی یەوە بوەتە حیجازی و کوفی و ئەمپیتەی ئەمڕۆمانی لێ هاتەکایەوە کەلە خوێندن و نووسینەوەماندا بەکاری ئەهێنین (بڕوانە ـ وێنەی ژمارە سێ) .

کتێبخانەی کۆلێژی زمان



كوفي منقوط
من مصحف
كتب في اواخر
القرن الثاني
للهجرة
من لينفرا .

( وێنەی ژمارە ـ٣ـ )

لەسەردەمی عەباسی یەکان (خەلیل کوڕی ئەحمەدی فەراهیدیَ) سەروبۆری بۆ پیتەکان داهێنا(١٢) لەم هەلو مەرجەشدا خەتو نووسینی (نەسخ) پەیدابوو کە هەندێ پیت لە چەشنی بازنەدا ئەنووسرێن جا لەو ساکەوە تائەمرۆ ئەو نووسینە عەرەبی یە پشتاو پشت هاتووەتە خوارەوەو لەوساکەوە ئیتر گۆڕینێکی ئەوتۆی نەبینیوە .

## گیرو گرفتی پیتی عەرەبی :

لە مەیدانی چاپەمەنیو نووسینەوەدا هەندێ گیرو گرفت ئەکەوێتە سەر رێڕەوی نووسین بەپیتی (عەرەبی) ، گرنگەکانیان ئەمانەن :

١ ـ نوختە زۆری پیتەکان نووسەر لە ماوەی نووسین دوا ئەخات .

٢ ـ دیسانەوە سەرو بۆرو ژێر دانان نووسەر لە نووسینەوە دوا ئەخات (نووسەرانی کورد چارەیان بۆ ئەم خاڵە دۆزیوەتەوە).

٣ ـ هەندێ پیت هەن بەپێی شوێنو جێگا چەند چەشنێکی لێ ئەبێتەوە .

٤ ـ هەندێ پیت کلکێکی زیادەی بە پاشکۆوە هەیە کە ئەمەش کار ئەکاتە سەر کاتو وەختی نووسەر .

٥ ـ بەهۆی پێشکەوتنی شارستانێتی یەوە چەند پیتێکی وەك (پ ، چ ، ژ ، ڤ ، گ) لە ئەلفوبێی عەرەبیدا نیە (ئەم خاڵەش ئەلفوبێی کوردی ناگرێتەوە) •

٦ ـ لە مەکینە چاپی نووسینی عەرەبیدا (٤٧) میکۆتە بچکۆلە هەیە کە هەر یەکێکیان بۆ لێدانی دوو پیت بەکار ئەهێنرێن کەچی مێکوتی پیتەکانی لاتینی ژمارەیان (٤٤)ن ، لە (لاینوتایپ)یشدا (٩٠ ـ ٩٦) چاو بۆ پیتی عەرەبی هەیە کەچی لە (مۆنۆتایپ ـ ڕێکخستنی دەست)دا خۆی لە (٢٢٦)چاو ئەدات[١٣] •

لە دوا ساڵەکانی صەدەی نۆزدەوە تا ئەم ساڵانەی دوایی یەدا لەم لاو لەو لاوە بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لەو گیروگرفتانە هەوڵ دراوە وەك ئەوەی (ناظم ماکۆم خان)ی باڵیۆزی قاجاوی یەکان لە لەندەن لە ساڵی ١٨٨٦دا داوای ئەوەی کردووە پیتە عەرەبی یەکان لە نووسیندا پێکەوە بلکێنرێن واتە لەووشەیەکدا بە جیاوازی نەنووسرین بەمە ژمارەی شێوەی پیتەکان دێنە سەر (٣٦) شێوەپیت ، (ناظم ماکۆم) هات بەم داهێنانە خۆی کتێبی (گوڵستانی) چاپ کرد •

لە ساڵی ١٩٤١یشدا وەزیری زانیاری میصر (د• محەمەد حسێن هەیکەل) بریاری ئەوەیدا هەوڵ بدرێ بۆ ئاسان کردنەوەی نووسینی عەرەبی • لەم ساڵانەی دوایشدا لە وڵاتی مەغریب ئامۆصنا

(ئەحمەد خضر ئەبو غەزالە) تێکرا ژمارەی پیتە عەرەبی‌یەکانی بە هەموو چەشنەکانی‌یەوە هێنایە سەر (٩٠) بچەشنە پیت ، دیسانەوە هەر لە (مەغریب) مامۆستا (مصطفی نەعمان) لە بنج و بناوانی پیتی عەرەبی‌یەوە جۆرە پیتێکی نوێی داهێناو چارەسەری بۆ بڕوێنەکان بێ دۆزیەوەو بۆ لێکۆڵینەوە پێشکەشی (جامیعەی عەرەبی) کرد (بڕوانە وێنەی ژمارە بچوار) •



( وێنەی ژمارە -٤- )

سەرەڕای ئەم گیروگرفتانە پیتی عەرەبی شێوەیەکی جوان‌و رازاوەی پێوەیەو کەلەپوورێکی فرە زۆرو دەوڵەمەندی پێ نوسراوەتەوەو خۆی چەسپاندوەو بوەتە نووسینی صەدەها ملیۆن کەس .

## کوردو زمانی کوردی :

شوێنەوار ناسەکان دەریان بڕیوە لە کوردستانی ئێستادا دەهەزار ساڵ پێش زایین لە (قەلاّچەرمو) یەکەم گوندێك دۆزراوەتەوە کە کشت‌و کاڵی تێدا کراوە[١٤] ، هەروەها دوو هەزارو شەش صەد ساڵێك لەمەو پێش لە ئەشکەوتی (قزقاپان)و (شانیدر)[١٥] کۆنترین شوێنەواری ئینسانی (نیاندرتاڵ) دۆزراوەتەوە کە ئەگەرێتەوەسەر صەد هەزار ساڵێك لەمەو پێش .

وا دەرئەکەوێت بەشی (هیندۆ ئەوروپی) کەلە رەگەزی (ئاری)یەکانن لەنۆ یا دە صەدە پێش زایینەوە لە زنجیرە چیاکانی (زاگرۆس) نیشتەجێ بوون‌و بوونەتە لقێك لە ئاری‌یەکان‌و (لۆنۆو ، گۆتی‌و، خالیدی‌و سوباری)یان پێك هێناوەو کوردی ئەمرۆی خۆشمان ئەچێتەوە سەر ئەو رەگەزو بنەماڵەیە . (گەزنەفۆنی یۆنانی) لە گەشتە دەهەزار کەسیکەیدا ـ کەلە ساڵی ٤٠١ی پێش زایین کردویەتی ـ گەلی (کاردخۆی) بەچاو بینیوەو لەسەوی نووسیون[١٦] .

زمانی کوردی بە هەموو زاراوەکانیەوە بە زمانی ئێرانی (باکووری رۆژئاوایی نوێ) ئەژمێردرێت لەمەوە لەگەڵ گەلانی (بلوچ و طالیش و مازندەران)دا یەك ئەگرێتەوە[17] ، زمانی کوردی بریتی‌یە لە چوار زاراوەی سەرەکی .

لە هەندێ سەرچاوەدا[18] ئەڵێت : لە دەوروبەری سەدەی دەهەمی پێش زاین شەخسێك بەناو (ماسی سوورات)وە جۆرە پیتێکی داهێناوە و لەو سەردەمەدا شتیان پێ نووسیوەتەوە وە پیتەکانی بەناو خۆوە بڵاوبوەتەوە ، پیتی (ماسی سوورات) لەو جۆرە پیتانە ئەچێت کەلە سەدەی شەشەمی پێش زاین ئاوێستای پێ نووسراوەتەوە ، ئەگێڕنەوە کە (سید حسین)ی موریدی (شێخ عەلائەددینی بیارە) لە ناو کوپەیەکی هەرزندا سێ پارچە نووسینی دۆزیوەتەوە لەسەر پێستی ئاسك بەزمانی پەهلەوی و لەسەر پیتی ئارامی نووسراوەتەوە ئەمەش ئەگەڕێتەوە سالی پەنجاو هەشتی پێش زاین لەو کاتەی کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام تیشکی لە کوردستاندا بڵاوبوەتەوە لەوکاتەوە ئیتر خەتەکانی ئارامی و کوردی و یۆنانی خرایە لاوەو دەست کرا بە نووسین لەسەر خەتی (کوفی) لەدێی (نگل)ی سەربە ناوچەی (سنە) قورئانێك پارێزراوە کە بە خەتی (نەستەعلیق) نووسراوەتەوە ، ئەمە بە سەرەتایەك دائەنرێت بۆ بڵاوبونەوەی خەت و نووسینی (کوفی) لە کوردستاندا[19] .

## تێ‌ڕوانینێك له یه‌كه‌م تێكستی كوردی‌یه‌وه :

دوو كتێبی كوردی لـه هه‌نده‌ران له‌نیوه‌ی دووه‌می سه‌ده‌ی نۆزده‌هه‌م چاپكراون یان نووسراون كتێبه‌كان (جامع‌ی رسالیان‌و حكایتان بزمـانی كورمانجی چاپی بطرسبورغ ۱۸٦۰)و (عـادات‌و رسوماتنامـه‌ئی اكراد نووسینی مه‌لامه‌حمودی بایـه‌زیدی ۱۷۹۸ - ۱۸۵٦)[٢٠] ئه‌گه‌ر مرۆڤ به ووردی بڕوانێته تێكستی ناو ئه‌م دوو كتێبه ئه‌بینێت كـه ئـه‌و پیتانـه‌ی لـه نووسینی كوردیدا هه‌ن‌و لـه عه‌ره‌بیدا نین وه‌ك (ژ٠پ٠ڤ٠گ٠چ) تیدا وه‌ك خۆی نوسراونه‌ته‌وه به‌ڵام ئه‌و پیتانه‌ی كه‌لـه عه‌ره‌بیدا هـه‌ن‌و لـه كوردی ئه‌مرۆماندا نه‌ماون وه‌ك (ط٠ص٠ث٠ظ٠ض)[٢١] هه‌ر وه‌ك خۆیان ـواته وه‌ك عه‌ره‌بی‌یه‌كه‌ی ـ نوسراونه‌ته‌وه ، ئـه‌وی زیاتر سرنج رائه‌كیشێت ئه‌مه‌یه لـه كتێبی (عادات‌و رسوماتنامه‌ئی اكراد) لـه جیاتی سـه‌و (فه‌تحـه)ی عـه‌ره‌بی (ه) بـه‌كار هێنراوه وه‌ك (كرینه ٠ نوتینه) (یوسف ضیاءالدین پاشای خالیدی مه‌قدیسی) كه قایمقام بووه‌و له قه‌ضای (مۆته‌كی) سه‌ربه ولایه‌تی (بتلیس) بـه هۆی مه‌لا حامیدی سعردی)یه‌وه فێری زمانی كوردی بوه‌و بـه یارمه‌تیدانی مه‌لاحامید رێزمان‌و فه‌رهه‌نگێكی به‌ناو (الهدیة الحمیدیة فی اللغة الكردیة) له ساڵی ۱۸۹۳ چاپكردووه[٢٢] ، له‌م كتێبـه‌دا ئـه‌ڵێت «گوێم گرت بیستم هه‌ندێك ده‌نگ له كوردیدا هه‌ن‌و له عه‌ره‌بیدا نین ، وام بـه

باش زانی لەبەر ئەوەی دەنگەکانیان بەتەواوەتی دەربڕم هەشتێکی بچوکیان بخەمە ژێر وە بە عەرەبی ناوی لێناوە (الواو المفخمة او الیاء المفخمة) وە ئەمە یەکەم کەس بووە کتێبەکەشی یەکەم کتێبە کە بە دروشمی (هەشت) دانان لە ژێر (واو) و –یی– گراوە چارە سەری بۆ دۆزیونەتەوە •

رۆژنامەی (کوردستان) کە لە ساڵی ١٨٩٨ یەکەم ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە سەرو بۆری بۆ هەندێ پیت بەکار هێناوە (بڕوانە وێنەی ژمارە پێنج) •



عنوان
مصرده «کردستان» غزتەسی
صاحب و محرری بدرخان
پاشا زاده
مقداد مدحت
هر طبندە ٢٠٠٠ نسخه کردستان
ولات عطانە ارسال ووصالاری
قرا و قصبانه نشر و تعمیم اولنە جقدر
کردستان خارجنه هر
ایجون سنەلك ابونه بدلی
٨٠ غروشدر
کردستان داخلنه خصوصی
استعمالره مجانا کوندریلور

کردستان
١٣١٥

حجي کاغذك فی ریکه
دفی ریکت مصری سر
ناف خوني فی جریدەیی
لاو بدرخان پاشا
مقداد مدحت بکی
هر جار دوهزار جریدەیا
بی پرە ازسے ریکم
کردستانی دە بدن خلکی
بازدە روژا جارکی ئیت
ئیساندن

کردلری ایقاظ وتحصیل صنایعه اشویق ایجون شمدیلك
اون بش کونده بر نشر اولنور کردجه غزتەدر

روژا پنجشمی‌دە ٣٠ ذوالقعده سنه ١٣١٥ پنجشنبه فی ٩ نیسان سنه ١٣١٤

( وێنـەی ژمارە ٥ )

له ساڵی ١٩١٩دا هەر چوار ئینجیلەکان (مەرقوس ، لۆقا ، مەتتا ، یوحەننا) لەلایەن دەزگای (بیبل سۆسائیتی)یەوە لە نیویۆرك بە کوردی لەسەر شێوەی موکریانی چاپکراوە ، ئەوی سرنج راکێشێت ئەوەیە بۆ یەکەم جار لەم چوار ئینجیلەدا حەوت[٢٣] خراوەتە سەر لامی قەڵەو .

(ئەنجومەنی ئەدیبان کورد)[٢٤] یەکەم کتێبە کە سەرتاپای بەزمانی کوردی بێت و بەئەرك و ئەمەکی کەسێکی کورد چاپکرا بێت ، لەم کتێبەدا ئەو پیتانەی کەلە زمانی کوردیدا هەن و لە عەرەبیدا نین و ئەو پیتانەش کەلە عەرەبیدا هەن و لە کوردیدا نین هەر وەك خۆیان بەکار هێنراون بێ ئەوەی هیچ چوکڵەیەك بۆ پیتێك بەکار بهێنێت .

مەلا رەشید بەگی بابان زوربەی زۆری تەمەنی لە شاری ئەستەمولی پایتەخت بردوەتە سەرو لە ساڵی ١٩٤٣ لە تەمەنی هەفتاو دوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە لە کتێبە چاپکراوەکەیدا بە ناو (مجمع البحرین فی اقتناء النیرین)دا[٢٥] جۆرە دەستوورێکی بۆ نووسینی کوردی داناوە ، وەك :

١ - لە ژێر (دالی سووك) نوختەیەکی داناوە ، وەك (ئەحمەد) .
٢ - لەژێر (رێی قەڵەو) نیشانەیەکی داناوە ، وەك (برین) .
٣ - بۆ(ی)ی لار ، بریاری داوە نەنوسێتە پیتەکەی پاش خۆیەوە

وەك (هیّ نان ، هی من) .

٤ ـ بۆ (لامی گەورە)نوختەیەکی لە سەر داناوە ، وەك : سالّ .

## سەرەتای سالی کتێبی کوردی :

لە عیراق لە سالەکانی بیستەوە چاپەمەنی کوردی خۆی دەرخستووە ، ئێمە سالی (١٩٢٥)مان بەسەرەتای سالی کتێبی کوردی داناوە چونکە لەو سالەوە سالمان بێ کتێب تێ نەپەڕیوە .

لەسەر ڕێنووسی کوردی مامۆستا (تەوفیق وەهبی) لە سالی ١٩٢٩دا کتێبی (دەستوری زمانی کوردی) چاپ کردووە لەم کتێبەدا ئەم نوێ کاری یانەی لە مەیدانی ڕێنووسدا خستوەتە ڕوو :

١ ـ حەوتی لەسەر (واو)و (ی)ی کراوە داناوە ، وەك ، ڕۆژ،وێ .

٢ ـ کەشیدەیەکی خستوەتە سەر (واوی درێژ)[٢٦] وەك (سور ـ دور) .

٣ ـ لەژێر (ر)ی گیرەدار (مشددە) نوختەیەکی داناوە وەك(سڕی) .

٤ ـ لەجیاتی (ژێری گوشراو ـ الکسرة المقبوضة) (یی)بەکار هێناوە وەك (کوردیستان،بەفیر،مین)[٢٧] .

٥ ـ ئەو دوو پیتە(تێ)و(دال)ی لەشێوە قسەکردنی سلێمانیدا فووت ئەدرێن خالێکی بۆ لە ژێر داناون ، وەك (تێ) لە

(باوكت له كوێ یه)و (دال) له (ئەو كاغەزەم بدەرێ)[٢٨].

له ٩ی ئابی ١٩٢٩دا (مصطفا كەماڵ ـ ئەتا تورك) له ئەستەمبوڵ له كۆبونەوەیەكی گشتیدا ئاشكرای كرد «كه ئیتر له نووسیندا پیتی عوسمانلی ـ واته پیتی عەرەبی ـ بەكار ناهێنرێت و وه ئەبێت ئەمەولا بە پیتی نوێی توركی ـ واته پیتی لاتینی ـ بنووسرێت و بخوێنرێتەوه» وه ئەم هەنگاوەی ناو لێنا (هەرف ئینكلابی) واته (شۆڕشی حەرف ـ پیت ـ)[٢٩] مەبەستی لەم هەنگاوه پشت هەڵكردن بوو له پیتی عەرەبی و ئاینی ئیسلام و خۆ نزیك كردنەوه بوو له ئەوروپاوه وه بە زۆری كوتەك پیتی لاتینی سەپاندە سەر دانیشتوانی توركیادا[٣٠]، بۆ ئەوەی باسەكەمان هەموو لق و پۆپی نووسین بگرێتەوه پێویسته شتێك دەربارەی لاتینیش پێشكەش بكەین.

## لاتین و لاتینی :

(لاتین) وەك زمانێك لقێكه له كۆمەڵه زمانەكانی (هیندۆ ئەوروپی) و لەگەڵ لەزمانەكانی (ئەڵمان و ئینگلیز و یۆنان و رووس و ئەرمەن و فەرەنساو سانسكریتی) یەوه خزمایەتی هەیه . لەبنچینەدا بە زمانی (لاتینی) تەنیا دانیشتوانی شاری (رۆما) گفتوگۆیان ئەكرد بەڵام پاش داگیركردنی رۆمەكان و زاڵ بوونیان بەسەر هەموو ئیتالیاو ئەوروپای رۆژئاواو باكووری ئەفەریقادا زمانەكەشیان لەو وڵاتانەی كه داگیریان

کردووە بڵاوکردەوە وە بووبە زمانی زانیاریو فەلسەفەو ئایینو ئەدەبو فێربوونی زمانی لاتینی لەم سەردەمەشدا دەرگایەکی ئەدەبیمان بۆ ئەخاتە سەرگازی پشت .

رۆمەکان لە سەردەمی حوکمرانی‌یەکەیاندا ئەو پیتانەیان داهێنا کەبە (لاتین) ناوبانگی بڵاوبوەتەوە لە ماوەیەکی کەمدا ئەم جۆرە پیتانە لەسەرانسەری وولاتە داگیرکراوەکانیان تەشەنەی کرد ، بەم پێیە تائێستا ئەلفو بێ‌ی وولاتانی ئەمەریکاو ئنگلترەو فەرەنساو ئەڵەمانو ئیتالیا هەر ئەو (ئەلفو بێ) لاتینی‌یە کۆنەیە چەسپاوەو پشتاو پشت هاتوەتە خوارەوەو ماوەتەوە ، جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەلفو بێ‌ی ئنگلیزی‌و لاتینی نیە تەنها ئەوە نەبێت کە پیتی (دبلیو W ) لە لاتینیدا نیەو لە ئنگلیزیشدا ئەو چەند هێمایانە نیە کە ئەخرێنە سەر (O . U) کە بۆ جیاوازی دەنگ (فۆنەتیك) بەکار ئەهێنرێن .

لەلا باشەکانی پیتی لاتینی ئەوەیە کە بۆ هەردەنگێك پیتێکی جیاواز هەیەو هەر پیتێکیش لە هەرچی شوێنێکی ووشەدا بێت شێوە نووسینەکەی ناگۆرێت‌و نوختەو سەرو بۆریشی نیە . بەلام لا خرابەکەشی ئەوەیە کە بۆ لێك جیاکردنەوەی هەندێ دەنگ دروشمی تایبەتی دائەنرێت‌و جاربەجار دوو پیت یەك دەنگ دەر ئەبرن هەروەها سێ چەشنە ئەلفو بێ‌ی جیاوازی هەیەو ئەم جۆرە

پیتە بۆ دەربڕین و نووسینی ئەو هەموو کەلەپوورە ئاینییەوە یەک ناگرنەوە کەلە دێرزەمانەوە بۆمان ماوەتەوە ، هەروەها ئەو نامانجەی کە لە کاتی خۆیدا پاڵی بە مستەفا کەماڵەوەنابوو بۆ رووکردنە لاتینی لە دڵی گەلی ئێمەدا شوێنەوارێکی نیە .

ئەم پیت گۆڕینەی تورك لە ناو کوردی خۆشماندا دەنگی دایەوە لە پێش هەموو کەسێکدا (بەدرخانی‌یەکانی) ئاوارەی دەستی تورکیزمەکان و عوسمانی‌یەکان دەستیان دایە شوێن پێی هەلگرتنی تورکەکان چ لە بەیروت و چ لە شامدا چ کتێبێکیان چاپکردبێ پیتی لاتینی‌یان[٣١] بۆ بەکار هێنان ، کوردەکانی دانیشتوانی تورکیانی لەم چەند ساڵەی دوایی‌وە هەر دەرفەتێکیان دەست کەوتبێت یان نەوەکە ئازادی‌یەکیان چیشتبێت هەلیان لەدەست نەداوە و چەند کتێبێکیان پێ چاپکردووە[٣٢] .

لە عیراقی خۆشماندا مامۆستا تەوفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٣٣دا نامیلکەیەکی چواردە لاپەڕەیی بە ناونیشانی (خوێندەواری باو) بڵاوکردەوە و داوای لە نووسەران کرد کە روو لە لاتینی نووسین بکەن ، وەك تورکەکان چەند چوکلەو خاڵێکی خستە سەر هەندێ پیتی وەك (O . U) بەڵام هەوڵەکەی سەری نەگرت .

گەڕانەوە بۆ سەر رێرەوی باسەکەمان :

لەیەك دوو کتێبی کوردی کەلە ...ی‌یەکاندا چاپکرابوون لە

جیاتی حەوتی سەر (لامی قەڵەو) سێ نوختەی بۆ دانراوە وەك كتێبی (نامیلكەی كوردایەتی) دانەری (رەفیق حیلمی) كەلە ساڵی ۱۹۳٤ لە موصل چاپكراوەو (دیوانی مەولەوی) كە لەلایەن (پیرەمێرد)ەوە لە سلێمانی لـە سـاڵی ١٩٣٤ لـە چاپخانەی(ژین) چاپكراوە ، عوسمانی یەكان لە بریتی پیتی (نوونی ناوەنجی) كافیان نووسیوەو سێ نوختەیان لەسەر داناوە ، كەوابوو هـەوڵدانی سێ نوختەدانان شوێنەوارێكی عوسمانی یە ، ئەمەش لە چەند كتێبێكدا ئەبێت خۆی نەخستە رووو لە چاو وون بوو .

## یەكەم بەردی بناغە :

لە ساڵی ۱۹۳۳دا لەسەر بەرگی كتێبی (خورشیدی خاوەر)[٣٣] ئەم تێبینی یە نووسراو بووئێمە لەسەر رێنووسی ئەوحەلەی خۆیو بێ دەستكاری ناوەرۆكەكەی ئەنووسینەوە :

(جاران كوردی نوسین لەسەر قاعدەی فارسی بوە بەلام ایستا وەكو زمانەكە جوی یە ، نوسینیشی جوی یـە . لەبەر ئـەوە ایمەش وەكو خەلكی كە یە شیوەی تازە ئەم كتیبەمان نوسی وەكو :

بۆ سمر : ...

بۆ بۆر : و ...

بۆ ژیرابۆی ...

تکامان هەیە لە پیشا ملاحظەی ئەمە بکەن ئەوسا کتیەکە بخوینەوە)"

لە دوا بەرگی کتێبەکەش ئەم بۆزانیتە نوسراوە : بۆ زانین : ایمە لەمەولا هەول ئەدەین بو طبعی کتیبی کوردی • هەوکسی کتێبێکی بی بومان بنیری لەسەر حسابی خوی ویا لە سەر حسابی خومان - ئەگەر بەباشمان زانی - طبعی ئەکەین و کفیلی هەمو نقصیکی ئەکەین •

آدرەسمان: احمد شکری ، مطبعة النجاح ، شارع المأمون ، بغداد)

لەو دوانزدە کتێبەی کە (کوردی و مەریوانی) لە منی یەکاندا چاپیان کردبوو پەیڕەوی ئەم ریچکە نوێیەیان کردبوو وە ئەمە یەکەمین جارە کەلە جیاتی (بزوێن) لە ڕێنووسی کوردیدا (یێ) بەکار هێنراوەو تا ئەمڕۆش پەیرەوی کراوە بۆیە بەبەردی بناغەی ڕێنووس دائەنرێت •

گۆڤاری گەلاوێژ (۹۳۹'-۱۹٤۹) دەورێکی بەرزو بالای لە بلاوکردنەوەی رۆشنبیری[٣٤] کوردیدا هەبوو لە مەیدانی ڕێنووسی کوردیدا چەند ڕەخنەو باسێکی تیا بلاوکراوەتەوە گرنگترینیان ئەو دەمەتەقێیە بوو کەلە نێوان مامۆستایان (محەمەد ئەمین زەکی و جەمیل بەندی رۆژبەیانی دا) لە سالی ۱۹٤۷ لەسەر چۆنێتی نوسینی ووشەی بێگانە بە ڕێنووسی کوردی ، ئەوە بوو لە

سەرەنجامدا بۆ چوونەکەی (جەمیل بەندی) سەرکەوت و لەوساوە تا ئێستا هەر ووشەیەکی بێگانە کەوتبێتە ناو ڕێنووسی کوردییەوە ملی بۆ ڕێنووسی خۆماڵی ڕاکشاوە ، گۆڤاری (گەلاوێژ) لە ماوەی ئەو دە ساڵەیدا ئەم خاڵانەی خوارەوەی چەسپاندوە :

١ ـ پیت لە جیاتی بزوێن بەکار هێنان .

٢ ـ لە جیاتی (گیرە ـ شەددە) دوو پات کردنەوەی پیت .

٣ ـ لە جیاتی ژێری پاش (هەمزە) (یێ ی) بەکار هێنا ، وەك :

(ایمرو ـ ئیمرو) (ایستا ـ ئێستا) .

گۆڤاری (دەنگی گێتیی تازە ١٩٤١-١٩٤٧) لە ووشە سازیی و زاراوەی تازە بەکار هێنان بەولاوە دەربارەی ڕێنووس هیچی نوێی نەهێناوەتە کایەوە .

## تەکانێك بەرەو پێشەوە :

پاش تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهان بەگشتیی و لەسەرەتای پەنجاکانەوە بەتایبەتی ژمارەی کتێبی کوردی تائەهات زۆرتر ئەبوو نووسەران لەو ماوەیەدا بیریان لەوە ئەکردەوە بنەمایەك بۆ ڕێنووسی کوردی دابنێن لەو سەردەمەشدا گۆڤاری (گەلاوێژ) ئاوا ببوو بڵاوکراوەیەکی هەفتەیی پڕوپاگەندەیی بەناو (پەیام)[٣٥]ەوە

لەلایەن باڵیۆزخانەی ئەمەریکاوە بەکوردی دەرئەچوو لەنووسەوانی ئەو حەلـە (رەفیق چالاك و بەکردلێر) کاریان تێدا ئەکردو لـەلایەن رێنووس و زمانەوە کەڵکیان لە (تەوفیق وەهبی) وەرئەگرت ، تێبـە لەناوەرۆکی ئەو بڵاوکراوەوە نادوێین مەبەستمان تەنیا رێنووسەکەو بەس ، ئەو بڵاوکراوەیە بەهەوڵی ناوبراوان گۆرێنێکی خستە بەر رێنووسی کوردی‌یەوە ، لە ژمارە (۱۹۷)ی رێکەوتی حوزەیرانی ساڵی (۱۹۵۳)دا لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکدا بەم چەشنەی خوارەوە رێنووسی کوردی بڵاوکراوەکەی خۆی دیاری کردبوو :

١ ـ حەوتێکی خستە سـەر (واوی کـراوە)و (یێی کـراوە)و (لامی قەڵەو) .

٢ ـ بۆ یەکەم جار بۆ چارەسەرکردنی دەنگی (ئوێ) وەك (خوێن) خەت ـ کەشیدەیەکی خستە سەرواو ، وەك (خون . جون . نون) . ئەوی شیاوی باسکردنە (مەلا رەشیدبەگی بابان) ناوی ئەم پێتەی ناوە (واوی دەم بڵاوی یائی) .

٣ ـ بۆ یەکەم جار بۆ (ر)ی گیرەدار خەتێکی بچوکی بەکار هێناوە وەك (کور . چر . پر) .

٤ ـ هەورەها لـە بریتی ئـەلفی درێژ (مەددە) کـەرتـەی (ئا)ی بەکار هێنا .

له سەرەتای ساڵی ١٩٥٢دا ناردیان له دەرەوەی ووڵات ئەو چوکڵانەی سەرەوەیان بۆ پیتەکان داڕشتو (چاپخانەی مەعاریف)(٣٦) لە چاپکردنی پەیامو کتێبە کوردی‌یەکاندا بەکاری هێنا .

مامۆستا (تەوفیق وەهبی) لە ساڵی ١٩٥٦دا بەشێك لە کتێبی (دەستوری زمانی کوردی) وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی‌و لە ژێر ناوی (قواعد اللغة الكردية) له دووبەرگدا چاپی کرد ، لەم کتێبە بەم جۆرە گیرو گرفتی ڕێنووسی کوردی چارە سەر ئەکات :

١ - حەوتێکی خستوەتە ژێر (ر)ی گیرەدار ، ئەمە تا ئێستا چەسپاوە .

٢ - داوای کردوەتەوە نوختەیەکی بچوك بخرێتە سەر ئەم دوو پیتەی (ت.د) کەلە شێوەی سلێمانیدا قووت ئەدرێن(٣٧) .

٣ - بیری لە دیفتۆنگی (واوی دەم کراوی یائی) کردوەتەوەو بە عەرەبی ناوی لێ ناوە (الضمة المبسوطة الخفيفة)و داوای کردووە خەتێکی بخرێتە سەر وەك (نۆژ . خۆن.شۆن)(٣٨).

لە نیوەی پەنجاکاندا ڕێنووسی کوردی قاڵبێکی ئەوتۆی وەرگرت کە زوربەی زۆری نووسەران چ لە کاروباری ڕۆژانەیاندا‌و چ لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرەوانی بەکاریان ئەهێنا ، نیشانە ههرە

گرنگەکانی ڕێنووسی کوردی ئەو حەلە ئەمانەی خوارەوە بوون‌و لەم خاڵانەدا دەقی خۆیان وەرگرتبوو :

١ ـ لە بریتی سەرو بۆرو ژێر ییت بەکار هێنرا .

٢ ـ چوکلەی حەوت خرایە سەر (واوی کراوە یێ ێ کراوەو لامی قەڵەو)و ژێر (ڕێ)ی گیرەدار .

٣ ـ ئەلفی درێژ بە چەشنی (ئا) نووسرا .

٤ ـ ئەو ووشە بێگانانەی بکەونە ناو زمانی کوردی یەوە بەپێی ڕێنووسی کوردی‌یان پێ ئەکرێت .

## شۆڕشی تەمموزو بڵاوکراوەی کوردی :

لە ساڵی ١٩٥٧وە ژمارەی کتێبی کوردی بەرەو زۆرو ئەچوو بەتایبەتی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ١٩٥٨ دەوانێکی شۆڕشگێڕانەی خستە بەر نووسەران‌و لەو هەل‌و مەرجەدا ژمارەیەکی زۆرمان لە کتێب بۆچاپکرا(٣٩) .

یەکێك لە دەستکەوتەکانی کورد لە شۆڕش دامەزراندنی (بەرێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی) بوو ، ئەم دەزگایە ئەرکی دانان‌و وەرگێڕان‌و ئامادە کردنی کتێبی قوتابخانە کوردی‌یەکانی کەوتە ئەستۆو لەوساوە تا ئەمڕۆ هەزارەها قوتابی کورد بەهۆی

کتێبی فوتابخانەکانەوە ئالودەی ئەو ڕێنووسە بوونو بەکاری

نەهێنن •

لە ساڵی ١٩٦٦دا یەکێك لە فەرمانبەرانی ئەو دەزگایە (نوری

عەلی ئەمین) کتێبێکی تایبەتی لەسەر ڕێنووسی کوردی بەناو

(ڕابەری بۆ ئیملای کوردی)[٤٠] یەوە دانا ، کتێبەکە بریتی‌یە لە

(دە بەش) هەندێ شتی تێدایە کە لە سەری نوسراونو

چارەسەر کراون بەڵام ئەوشتە نوێیانەی کە خستێتیە بەردەست

ئەمانەن :

١ ـ سێ پیت لە زمانی کوردیدا هەن هێشتا نەتوانراوە وێنەیان

لە پیتی عەرەبیدا بۆ ساز بدرێت ، وەك :

أ ـ دەنگی دوا پیتی (چ) لە ووشەی (چیا=چ / یا)

(بیانوو = بـِ/یا/نوو) (ژیان = ژ ِ/یا) •

ب ـ دەنگی دوا پیتی (چ) لە ووشەی (چوار=چ‌ُوار)

(دوا = دُوا) (گوان = گ‌ُوان) •

ج ـ دەنگی دواپیتی (م) لە ووشەی (مِن)دا کە بریتی‌یە لە

ژێرێکی فرە کورتی وەك :

(بردن = بر/دن) (مردن = مر/دن) (ئاسن = ئا/سن) •

٢ ـ تەقەڵ (ـ)لە هەندێ ووشەدا بەکار بهێنرێت ، وەك :

(دائەبڕ - ڕێ) (ئەزمێر - ڕێ) (ئەگۆڕ - ڕێ) .

٣ - ووشەی لێکدراو ئەگەر بۆ ناوی (عەلەم) بەکار هێنرا ئەدرێتە دەم یەکتر ئەگینا بەجیا بنووسرێت ، وەك :

(دڵسۆز - دانساز - ڕێزمان) (مل پێچ ، پێش نوێژ ، داوێن پاك ، ڕاست گۆ ، گوێ لێ گرتن) .

٤ - ڕاناوی تەواو کەری لکاو کە ئەخرێتە ناو فرمانەوە ئەبێت پێکەوە نەلکێنرێن ، وەك : (ئەم کرِی ، ئەت دی ، ئەی خوارد) نەك (ئەمکڕی ، ئەتدی ، ئەیخوارد) .

٥ - نابێت پیتە ناو بەندی (ی) بلکێنرێتە (ووشە تەواو کراوەکە)وە ، وەك (چیای قەندیل ، هاورێی خراپ ، ماسیی گەورە) .

٦ - بۆ (پاشبەند)یش دووشتی پیشان داوە :

أ - ئەگەر ئەو ووشەیەی کە پاشبەندەکەی ئەخرێتە سەرو کۆتایی بە پیتە دەنگی هاتبوو بە بێ یاریدە پاشبەندی (دا ، تر ، ترین ، ی ، یَك ، سە) ئەخرێتە سەو ، وەك (لە هاویندا) ، (ئەم گوڵە ، جوانترین) .

ب - ئەگەر پیتە دەنگی یەکە - پیتە نەلکاو - بوو ئەوا نالکێنرێت وەك (لە بازاڕدا ، تیژترین ، گوندان ، مەڕێك) .

٧ - بۆ یەکەم جار (خاڵبەندی)دوون کردوەتەوەو لەسەری نووسیوە .

تەنیا خاڵی یەکەم نەبێت کە ڕێنووسی کوردی پێ ئاشنان نابێتەوە ئەو خاڵەکانیتردا مامۆستا (نوری عەلی ئەمین) سەرکەوتوەو تیرو کرفی ڕێنووسی کوردی ئاشکراکردوەو تا سنووریکیش چارەسەری بۆ دۆزیوەتەوە .

لە ساڵی ١٩٦٩دا (طاهیر صادق)بەناو (ڕێنووس)ەوە[٤١] کتێبێکی تایبەتی بڵاوکردوەتەوە ، لەم کتێبەدا هاتووە یەك بەیەك بە وختی لەم چمکانەوە لە سەر هەموو پیتەکانی نووسیوەتەوە : (وێنەی پیتەکە ، دەنگەکەی - وتە تلفظ کە هاوێژی بۆ داناوە - ، نەوعی - علەو صحیح - کەئەم ناوی سازو ناسازی بۆ داناوە ، نوختەکانی ، تەکەرەکانی)وە بە پێی بۆ چوونی خۆوی چەند لیستەیەکی بۆ ڕاست کردنەوەی هەندێ ووشەی (هەڵە) تۆمار کردووە .

مامۆستا (طاهیر صادق) لە کتێبەکەیدا ئەم نوێ کاری یانەی کردووە:

١ - بۆ یەکەم جار ووشەی (ڕێنووس)ی لە جیاتی (ئیملا) داناوە وائێستا ئەم ووشەیە جێی خۆی گرتوەو چەسپاوە .

٢ - یەکەم کەسە پەنجەی بۆ فۆنەتیکی جۆرە (کاف)یان (گاف)ێك

راکیشاوەو ناوی لێ ناوە(کاف یا گـافی شـێواو)وەك لـە ووشـەکانی (کێو ، کێن ، گیچەڵ ، گوێز) داوای ئـەوەی کردووە نیشانەیەکی تایبەتی بۆ دابنرێت تا لە کافو گافی (سادە) جیابکرێنەوە •

٣ ـ ئەڵێت : سێ واو هەندێ جار ئەکەونـە نزیك یەکەوە وەك : (مووەکە فرێدە ، بـەرگدزو ووردی هاتن) داوای کردووە لـە کاتی نووسیندا ێکتر دوور بخرێنەوە •

بە بۆ چوونی من هـەر (کاف) یان (گاف)ێك لـە کوردیدا ئەگەر پیتی (یێ)یان بێتە سەر ئەوا دەنگی پیتی (یێ) بە جۆرێکی ئەوتۆ تێکەڵاو ئەو کافو گافە ئەبێت مەردم واهەست ئەکات کە زاڵ بووتە سـەر دەنگی ئەو دوو پیتەوەو شێواندویەتی ئەگینا لـە شوێنی تردا هەست بەم دەنگ گۆرینە ناکرێت لەبەر ئەمە پێویست بـەوە ناکات چوکڵەیەکی تر بخـەینـە سـەر چوکڵـە زۆرەکانی رێنووسی کوردیمان هـەر لەبـەر ئەمەشـە کاك طاهیرمان خۆی چوکڵەیەکی بۆ دانەهێناوە •

ئەگەر بەراوردێك لـە نێوان هەردوو رێنووسی (نووری هەلی ئەمین)و (طاهیر صادق)بکەین ئەبینین یەکەمیان بەهۆی ئەوەوە لـە نێو کتێبی کوردیدا ئـەژی زیاتر چارەسـەری گیرو گرفتـەکانی نووسینی کوردی بۆکراوە وەلێ دووەمیان زوربەی بۆ چوونەکانی

تیوری یانەیە ، بەلام هەردوکیان هەریەکەیان لە لایەکەوە بەردێکی ناوەتە سەربەردی دامەزراوی ڕێنووسی کوردیەوە .

(قادری فەتتاحی قاضی) یەکەم کەس بووە کە حەوتی لە ژێر (ڕێ گیرەدار)ەوە لە خوارەوە بردوەتە سەرەوەی و چەند کتێبێکی خۆی بەم چەشنە چاپ کردووە [٤٢] ، هەر لە کوردستانی ئەودیومان (عەزیزی برایمی قاضی) لە کتێبی (قەلای دمدم و خانی لەب زێرین)دا [٤٣] دەربارەی ڕێنووسی کوردی ئەلێت :

١ ـ لە کوردیدا دوو جۆرە (ڕێ)مان هەیە (ڕێی گەورە)و (ڕێی چکۆلە) ، وەختێك کە زمان بەزێر ددانەکانی پێشوی سەرەوە نووسا ئەوا بۆ (ڕێی گەورەیە) . بۆ جۆی کردنەوەی لە (ڕێی چکۆلە) نیشانەی حەوتی لەسەر داناوە .

٢ ـ بۆ تێکەل کردنی دوو پیت یان هەرتك لە تەنیشت یەکتر دەنووسین یا ئەو نیشانەیە (ـ) لەسەر پیتەکە دائەنێین ، وەك : (ڕووت ـ ڕوت) (چوون ـ چون) .

## دوو تەقەلای بەکەلك :

اش بلاوکردنەوەی بەیانی یانزدەی ئاداری ١٩٧٠ کە ئاسایش بالی کیشایە سەر کوردستاندا ژمارەی چاپەمەنی کوردی

تا ئەهات بەرەو ژوو ئەکشاو[٤٤] هەوڵی ئەوەش درا کە ڕێنووسی کوردی لە قاڵبێکی پوخت‌و باشتردا خۆی بگرێتەوە ، ئەوە بوو باش شۆڕشی هەڤدەی تەمموز چەند دەزگایەکی ڕۆشنبیری کوردی دامەزرا ، وەك (کۆڕی زانیاری کوردو[٤٥] بەڕێوەبەرێتی گشتی ڕۆشنبیری کوردی‌و[٤٦] زانکۆی سلێمانی)[٤٧] لەوەو پێش (بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی)یش هەر لەکاردا بوو ، ئەم دەزگایانە بەشێکی فرەی نە نووسەرو روناکبیرانی کوردی لە دەور خۆ کۆکردەوەو جلسەوی کاری گرنگی لە بابەت ڕێزمان‌و ڕێنووسەوە کەوتە ئەستۆ ، دووان لەم دەزگایانە هەر لایەکیان بەپێی دەسەڵات‌و بوارو کاروباری خۆی دەورێکی دیاری‌یان لە مەیدانی ڕێنووسی کوردیدا گێڕا ، چاکتر ئەمەیە بە قووڵی بڕوانینە ئەرك‌و ئەمەکی هەردوو دەزگا کوردی‌یانە .

## یەکەم_بەڕێوەبەرێتی‌ی گشتی خوێندنی کوردی :

هەرچەندە ئەم دەزگایە لە ساڵانی یەکەمی شۆڕشی چواردەی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨وە دامەزراوە بەڵام لە سەرەتادا بەهۆی ئاڵۆزی بارو دۆخی ئەو سەردەمە هەنگاوەکانی سست‌و لاواز بوو لە دەساڵی یەکەمیدا دەرفەتی ئەوەی بۆ نەدرا کەبتوانێت سەرجەمی کتێبی قوتابخانە سەرەتایی‌یەکانیش بەتەواوەتی بکاتە کوردی بەڵام

ئەوەبوو (ناو)و (دەزگا)کەی پارێزرا هەرکە شۆڕشی حەفتەی ئەیلول بەرپا بوو هێزو توانا خرایە بەر ماسولکەکانیەوەو بەیانی یازدەی ئاداریش خستیە جمو جوولەوە ئەو سەردەمەشدا ژمارەی قوتابخانەو قوتابیانی کورد لە کوردستاندا تا ئەهات پەرەی ئەسەند خوێندنی کوردیش لە پلەی سەرەتایی‌یەوە بە پلەی ناوەندی‌یەوە تێپەڕی تا دوا پۆلی پلەی ئامادەییشی گرتەوە بەمە ژمارەی کتێبی قوتابخانەکان پتر بوو ، ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە بە هۆی لیژنەکانی دانان و وەرگێڕانەوە کتێبەکانی بۆ هەرسێ پلەی خوێندن کرد بە کوردی [٤٨] هەر لەم هەل و مەرجەدا هەست بەوەکرا خەریکە نەوعە جیاوازی‌یەك بکەوێتە ناو ڕێنووسی کوردی ناو کتێبی قوتابخانەکانەوە لەبەر ئەمەو بەپێی ئەم قۆناغە (بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردی) بە ئامانجی یەك خستنی ڕێنووسی کوردی بڕیاری ژمارە (١٨)ی ڕۆژی ١٩٧٢/٣/٢٠ ی دەر هێناو بەسەر هەموو ئەو لیژنانەدا بڵاوی کردوە کە ئەرکی دانانی کتێبی کوردی‌یان پێ سپێرابوو ، بەمە ڕێنووسی کوردی نێو کتێبی قوتابخانەکان یەك قاڵبی وەرگرت ، ئەمەش پوختەی ئەو بڕیارەیە کەبۆ (یەك خستنی ڕێنووسی کوردی) پەیڕەوی کرابوو :

١ – ئەو ووشە عەرەبیانەی کە دەکەونە ناو نووسینی کوردی‌یەوە ئەشێت بە ئیملای کوردی بنوسرێن .

٢ - نەشێت برگەی (وو) لە ووشەدا بە دوو (واو) بنوسرێت ، وەك (ووتی ، ووڕچ ، کاووڕ) •

٣ - نەشێت برگەی (یی) لە ووشەدا بە دوو (یا) بنووسرێت وەك (مایین ، گەییشت ، ڕۆیشت ، شاییی) •

٤ - پێشگری (ئە) لە سەرەتای فەرمانی موزاریعەوە ئەشێت بگۆرێت بە(دە) بۆ ئەوەی هەموولایێ تێی بگەن[٤٩] ، وەك (ئەنووسم × دەنووسم ، ئەچێت × دەچێت) •

٥ - هەندێ پیت لە ووشەی کوردیدا هەن لە گیرەی عەرەبی دەچن ئەبێ بە دووپیت بنووسرێن ، وەك (کەللە ، شەممە ، عەبدوڵلا) •

٦ - پیتی (ت) هەندێ جار لە هەندێ ووشەدا دەنوسرێتو ناخوێنرێتەوە یا هەندێ جار هەر نانوسرێت بەلام پێویستە لە ووشەکەدا بنووسرێت وەك (دەنوێت ، دەچێت ، دەڕوات ، دەشوات) •

٧ - پاشگری (دا) ئەبێ پشت گوێ نەخرێتو بنوسرێت ، وەك

٨ - پیتی (د) لە هەندێ ووشەدا لە خوێندنەوەدا گلۆر دەگۆرێت وەیا لە نووسیندا پشت گوێ دەخرێت ، وەك (چانم-چاندم ، گۆبەن - گۆبەند ، منالەکان - مندالەکان) •

٩ - نابێت ووشەی (لێکدراو) بە هیچ جۆرێک بەیەکەوە
بنووسرێن ، وەک (گوێلێگرتن - گوێ لێ گرتن ، هەڵدەچێت -
هەڵ دەچێت) .

١٠- پاشگری (دا ، تر ، ترین) ئەشێت وەک پاشگرەکانی تری
زمانی کوردی بنووسرێن بەدوای ئەو ووشەیەوە کە دەچنە
سەری ، ئەگەر ووشەکە کۆتایی بە پیتە دەنگی هاتبوو وە لەو
پیتانە بوو کە بتوانرێت پێوە بلکێنرێ ، وەک (لە هاویندا
جوانترین) .

١١- راناوی لکاو (الضمیرالمتصل) ئەشێت بنووسرێت بەو ووشەیەوە
کە دەخرێتە سەری ، ئەگەر ووشەکە کۆتایی بە پیتێک هاتبوو
کە بتوانێت پێکەوە بلکێنرێت ، وەک (یاری مان کرد ——
یاریمان کرد ، دڵ تان نایەشێنم —— دڵتان نایەشێنم) .

١٢- پاشگری (ی-یک) ئەگەر کران بە پاشبەندی ئەو ووشانە کە
کۆتاییان بە پیتی بزوێن دێت ئەشێت پیتە ناوبەندی (ی) بخرێتە
نێوانیانەوە ، چونکە نالوێت دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدا
لە ووشەیەکدا بێن ، وەک :

کەوا  کەوا + ی + ی = کەوایی
چەقۆ  چەقۆ + ی + ی = چەقۆیی

کەوا  گەوا + ی + یك = کەوایێك

١٣- خوێندەواران لە جیاکردنەوەی پیتی بزوێنی (و) کورت و پیتە بزوێنی (وو)ی درێژدا زۆر بە هەڵە دەچن ، گەلێك جار کورتەکە بە درێژو درێژەکەش بە کورت دەنووسن ، وەك :
مەنووسە ، مەنوسە ، گووڵ —— گوڵ ، بو —— بوو

١٤- لە کاتێکدا (یە) بەدوای ووشەیەکەوە بێت کە دوا پیتەکەی بزوێن بێت ئەوا ئەبێت بەجیا بنووسرێن چونکە دوو پیتی بزوێن پێکەوە نالکێنرێن و ئەبێت یا پیتێکی تریان لە نێواندا هەبێت یاخود ئەگەر نەبوو ئەبێت بە جیا بنووسرێن ، وەك :
چیە —— چی یە ، کیە —— کێ یە ، دیاریە —— دیاری یە .

لەوساکەوە ئەم بریاری یەکخستنە بلاوکرایەوە تا دوا رۆژەکانی ساڵی ١٩٧٥ (بەرێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی) لەسەر ئەم پێ و شوێنە (٢٨٣) کتێبی قوتابخانەی لە قەوارەی (٧١٣ر٦٨٥) لاپەرەدا بۆ چاپکردووە .

ئەگەر بە ووردی سرنجێك لەم رێنووسە بدەین ئەبینین هەندێ گیروگرفتی رێنووسی کوردی کەلە پێشدا چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە ئەم دەزگایە (واتە - بەرێوەبەرێتی خوێندنی کوردی) داسێکە چەسپاندووە وەك خاڵەکانی (١،٢،٣،٥،٧،٢٠،١٣) دەوبارەی

بۆ چوونی ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە دەربارەی نووسینی خاڵەکانی (٨،٦) (دەچێ)بە (دەچێت)و (مناڵەکان)بە (منداڵەکان) دروستو راستترە،

دەربارەی پێشبەندو پاشبەندو ووشەی لێکدراو دیسانەوە ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە تیادا سەرکەوتووە •

گرنگی بڕیارەکانی ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە لەوەدایە کە ڕێنووسی کوردی ناو قوتابخانەکانی یەكخستو ئێستا ئەبینین زۆربەی زۆری قوتابیانو مامۆستایانو نووسەران پێ‌و شوێنیان هەڵگرتووە،

## دووەم -کۆڕی زانیاری کورد :

ئەنجومەنی (کۆڕی زانیاری کورد) لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بایەخی داوەتە دیاری‌کردنی ڕێنووسی کوردی‌و بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەکی تایبەتی دانا، لیژنەکەش ڕاپۆرتی خۆی ئامادەکردو ئەنجومەنیش کەوتە لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتەکە پاش ئەوە لیژنەیەکی (هەمیشەیی) بۆ دانایەوەو ڕاپۆرتەکەی ئەو لیژنەیەشی لە دوانزدە کۆبونەوەدا لێکۆڵینەوەی لە سەرکردو - بەپێی بۆ چوونی خۆی - چارەسەری بە شێکی زۆرو گرنگی کێشەکانی ڕێنووسی کوردی دیاری‌کردو خستیە بەردەست زاناو شارەزایان بۆ ئەوە ی لە ماوەی شەش مانگدا بیروڕای خۆیانی دەربارە دەرببڕنو هەر پێشنیازێکیان هەبێت بۆیان ڕەوانە بکەن

تاوەکو بتوانن لەبەر تیشکی رووناکی ئەو بیروراو پێشنیازانە جریماوی یەجگاری خۆیان لەسەربدەن(٥٠) .

وا لە خوارەوە رێنووسی (کۆری زانیاری کورد)تان ئەخەینە بەرچاو :

١ - (و)و (ی) درێژ هەریەکەیان یەك دەنگن پیتی گیراو(مشدد) نین لەبەر ئەوە نابێت بە دوو (واو) یا دوو (ی) بنوسرێن ، بەڵکو دەبێت جە چوکڵە ، تەقەڵیان لەسەر دابنرێت .

٢ - لەبەر ئەوەی دەنگی پیتی (ص) لە هەندێك ووشەدا وەك (صەد،صەگ)روون و دیارە ئەبێت لە ئەلف و بێی کوردیدا هەبێت .

٣ - ئەگەر دەنگی (ھ) لە کۆتایی ووشەدا روون و ئاشکرا نەبوو واتە ئەگەر وەك (فەتحە) کورت بوو ئەوا بەم جۆرە ئەنوسرێت (دە ، نە) بەڵام ئەگەر دەنگی (ھ) روون و درێژ بوو ، ئەوا بە چەشنی (ھ) بنووسرێت ، وەك (دەھ ، جەھ ، بوەیھ) .

٤ - (جی)و (چ) بەجیا بنووسرێن تەنها لە حاڵێك نەبێت کە ئەو ووشەیەی لە دوایانەوە دێ (راناوی لکاو)بێ ئەوسا پێکەوە بلکێن ، وەك : چتان دیت ؟ چمان بەسەر کەسەوە نیە ! چیم

هەبێ بۆ نیشتمانە .

٥ - ژمارەکانی نێوان (١١و١٩) بەم جۆرە بنوسرێن (یازدە ، دوازدە ، سیازدە ، چاردە ، پازدە ، شازدە ، حەڤدە ، هەژدە ، نۆزدە) .

٦ - پێویستە ووشەی ناوی بێگانە پەیرەوی ئیملای کوردی بکات .

٧ - پیتی (ت)ی تەڵەو لە ووشەدا : لە هەندێك ووشەدا وەك (سەڵتە ، گاڵتە ، باڵتو) دەنگی پیتی (ت) وەك (ط)دێتە گوێ پێویستە وەك خۆی بنوسرێت و نەکرێتە (ط) .

٨ - ووشەی داتاشراو (منحوت) بەدەم یەکەوە بنووسرێت ، وەك (خورمز ، رێنووس ، رێزمان) .

٩ - لەو شوێنانەدا کە ووشەی (ئەم) دەچێتە سەر ووشە پێویستە پێوەیان بلکێنرێت ، وەك (ئەمساڵ ، ئەمشەو ، ئێستا) .

١٠ - ووشەی گۆڕاو : وەك (هوشیار) بنوسرێت ، نەك (وشیار) (پەسەندو گۆبەند) نەك (پەسەنو گۆبەن) .

١١ - کە ئامرازی (نەفی و نەهی و ئەمرو موزارع) چوونە سەر فیعلی سادە ئەوا وەك دەستورێکی گشتی ئەمرازەکە بە فیعلەکەوە دەلکێنرێت ، وەك (دەکوژێ ، ناکوژی ، مەکوژە ، نانوێ ، نەدەنوست) .

١٢- ئەگەر ئامرازی (نەفی و نەهی و ئەمرو موزارع) کەوتنە میانی پێشگرو فیعلی (مرکب)ەوە پێشگرەکە بە تەنها دەنوسرێت و ئەمرازەکەش بەفیعلەکەوە دەلکێت ، وەك (هەل دەگرێ،هەڵ بخا ، هەڵ نەدەگرت) .

١٣- ناوی دووکەرت ئەگەر یەك واتەیان بەخشی پێکەوە بنووسرێت ، وەك (جلدروو ، گوڵزار ، دڵشاد) .

١٤- بەڵام ئەگەر ووشەی دوو کەرت دوو واتە جیاوازیان هەبێت پێکەوە نانوسرێن ، وەك (چارۆکە زەرد ، پێست رەش) .

١٥- دوو ووشەی یەك واتە بەخش پێکەوە بنووسرێن ، وەك (پێو قەدەم ، گفتو گۆ ، گورجو گۆڵ ، مشتو مڕ ، دەستو برد) .

١٦- ئەمرازی (نەفی) وەیا (نەهی) دەلکێنرێنە فیعلەوە ، وەك (مەکوژە ، بکوژە ، ناگۆڕێ ، نەمدیتن) .

١٧- ئەمرازی (نەفی و نەهی)ئەگەر کەوتنە نێوان پێشبەندو فیعلەوە ئەوا پێشبەندەکە بەجیا دەنوسرێت ، وەك :
(هەڵ دەگرێ ، هەڵ ناگرێ ، هەڵ بگرە ، هەڵ نەگرێ).

١٨- ئەو جوونە ووشانەی بەهۆی (عطف)ەوە دەکەونە شوێن یەکتر دەبێ بەجیا بنوسرێن و،واوەکە بە هیچیانەوە نالکێ ،وەك:

(ژن‌وپیاو ، باوك‌و كوڕ ، خوشك‌و برا ، نان‌و دۆ) .

١٩- ئەو ووشانەی کە لە ڕستەدا دەوری (ئاوەڵناو) ئەبینن وەك (تر ، دیکە ، دی ، وا ، وەك ، وەها ، ئەوتۆ) لە ڕستەدا بەجیا بنوسرێن ، وەك (پیاوی تر ، پیاوی دیکە ، پیاوی دی) .

٢٠- پیتی (ی) لە کۆتایی ووشەدا :

أ - ئەگەر (ی) ئیزافە یان (وەسف) چونە سەر ئەو ووشانەی کۆتاییان بە (ی)ی کراوە -یێ- دێت ئەوا پێویستە بلکێنرێن ، وەك :

هاوڕێ - هاوڕێی خراپ

ترێ - ترێی سپی

ب - ئەگەر (ی) ئیزافە یان (وەسف) چوونە سەر ئەو ووشانەی کۆتاییان بە پیتی (ی)ئیز (دڕێژ) دێت ئەوا پێویست بەنووسینیان ناکات ، وەك :

ترۆزی ناسك ، قازی دهۆك .

٢١- ئەمرازی (تفضیل)تر ، ترین لە هەمو شوێنێکدا لوا دەبێت بلکێنرێت بە کۆتایی ووشەوە ، وەك (جوانتر ، جوانترین پاکتر ، پاکترین) .

٢٢- پیتی (و)و (وە)ی (عطف) دەبێ بەجیا بنووسرێن ، وەك : من و ئەو ، نان وە ماست ، نان و ماست .

٢٣- ئەمرازی (دا)و (را) دەلکێنرێن بە کۆتایی ووشەوە ئەگەر دوا پیتی ووشەکە پیتە نکاو بوو ، ئەگینا هەو دەخرێتە پاڵ ووشەکەوە ، وەك (لە رەواندزدا لەکەرکوکدا) .

ئەگەر سرنجێکی وورد لە رێنووسی (کۆڕی زانیاری کورد) بدەین ئەبینین :

١ - ئەو چوکڵ و ئیشاراتانەی لە کۆڕ بۆ (وا)و (یی) درێژی هەڵبژاردووە لەمەو پێش هەبوە ، هەروەها نووسینی ناوی بێگانەش چارەسەری کراوە .

٢ - هیچ گیرو گرفتێك و کێشمەیەك لە نووسینی کوردیدا دەربارەی (ت)ی قەڵەو ، وشەی داتاشراو ، ناوی دوو کەرت نیە بەم پێیە خاڵەکانی ژمارە (٧،٨،١٠،١٤،٢٥،٢٩) زوو تر چارەسەریان بۆ دۆزراوەتەوە .

٣ - ئەو شتە نوێیەی کە کۆڕ دۆزیبێتەوەو چارە سەوی کردبێت خاڵەکانی ژمارە (٢،٣،٤،٥،٩،١١، ١٢،١٦،١٧،١٨،٢٠،٢٢، ٢٣)یە .

٤ - ئەوی مایەی رەخنە لێ گرتنە ئەوەیە کە (کۆڕی زانیاری

کورد) پەنجەی بۆ هیچ سەرچاوە ڕێنووسێکی پێش خۆی ڕانەکێشاوەو هەوڵو ئەمەکیانی خستوەتە ژێر لێوەوە .

٥ - لەساڵی (١٩٧٦)دا کۆڕ دەقی هەمان ڕێنووسی لە بڵاو کراوەیەکی هەژدە لاپەڕەییدا بڵاوکردەوە بێ ئەوەی بیروڕای ئەو نووسەرانە دەربڕێت کە لە لاپەڕەی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا ڕەخنەیان لە ڕێنووسەکەی گرتبێت وە یان بە کاغەزی تایبەتی بیروڕای خۆیان بۆ کۆڕ دەربڕیبێت ، وە هەر لەم نامیلکەیەدا دووبارە (ماوە شەش مانگەکەی) دووپات کردوەتەوە .

پاش ئەوەی هەردوو تەقەڵا بەکەڵکەکەی دوو دەزگای ڕۆشنبیری کوردیمان بڵاوکردەوە لە سەرەنجامی بەراوردێك لە نێوان هەردوو ڕێنووسدا بۆمان دەرئەکەوێت کە :

١ - هەردوو دەزگاکە حەوتیان لەسەر (واو)و (ی)ی کراوەو (لامی قەڵەو) داناوە .

٢ - یەکەمیان - واتە بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی - حەوتی لە ژێر (ر)ی گیرەدار داناوە ، کەچی دووەمیان - واتە کۆڕ - حەوتەکەی لە ژێرەوە گوێزاوەتە سەری .

٣ - یەکەمیان (واو)و (یی) درێژی دووجار نووسیوەتەوە کەچی دووەمیان (تەقەڵ - کەشیدە)یەکی خستوەتە سەر .

٤ - یەکەمیان (و)ی پێش هەندێ ووشەی وەك (ووتی،ووەچ)ی بە بڕگە داناوەو بەدوو واوی نووسیوەتەوە کەچی دووەمیان بەیەك واوی نووسیوەتەوە •

٥ - یەکەمیان پێشگری (ئە)ی سەرەتای فەرمانی موزاریعی کردوەتە (دە) بەڵام دووەمیان دەستی لێ نەداوە •

٦ - دووەمیان گوێی بەدەنگی (ص) لە کوردیدا زرنگاوەتەوەو داوای زیندووکردنەوەی کردوە بەڵام یەکەمیان گوێی بۆ نەزرنگاوەتەوە •

٧ - دووەمیان بیری لە پیتی (ھ) دوای هەندێ ووشە کردوەتەوەو داوای نووسینی کردوە بەڵام یەکەمیان بەلایدا تێ نەپەڕیوە •

٨ - یەکەمیان داوای ئەوەی کردوە پیتی (ت) لە هەندێ ووشەدا بنوسرێت و نەخرێتە ژێر لێوەوە وەك (دەنوێت ، دەخوێنێت) بەڵام دووەمیان هەر ناویشی نەهێناوە •

٩ - هەڵوێستی هەردوولایان بەرامبەر بە پاشگری (دا،تر،ترین،ی، یك)و (راناوی لکاو)و (ووشە لێکدراو) لێکەوە ئەوەندە نزیکن مەردم وائەزانێت سێوێکن و کراونەتە دووکەرتەوە •

خوا هەڵناگری ئەو دوو دەزگایەمان هەریەکێکیان لەمەیدانی خۆیداو بەپێی دەسەڵات و قۆناغی خۆی خزمەتی بەکەڵکی دۆشنبیری

کردووەو ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی چاپکراوەیان لە بەرەوسەندندایە بەڵام هەق وایە لەڕێنووسدا هاوکاریو یەك دەنگی بنوێنن .

## سالی کتێبی ڕێنووسی کوردی :

سەرەڕای ئەوەی ئەم دوو دەزگایەو هەندێ لە دەزگاو یەکێتیو کۆمەڵە ڕۆشنبیری یەکانیش دریغی یان نەکردووە بۆ پێش خستنو پوخت کردنی چاپکراوەی کوردی ئەکۆشن بەڵام قەلەم لە دەست نووسەران نەکەوتووەتە خوارێ چەند کەسانێك دڵسۆزانە لە گۆڕەپانی ڕێنووسدا هاتوونەتە ناوەوە بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٦دا سێ نووسەر لە سێ کتێبی دەربارەی (زمان)دا لە سەر (ڕێنووس) بیروڕای تایبەتی خۆیان دەربڕیوە :

یەکەمیان ـ (حامد فەرەج) لە نامیلکەی (ڕێنووسی کوردی لە صەدەیەکدا :

دووەمیان ، (ئەحمەد حەسەن) لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی)دا سێ هەمیان (د.جەمال نەبەز) لە کتێبی (زمانی یەکگرتوی کوردی)دا .

وا کورتەیەك دەربارەی هەر کتێبێکیان بەقەد ئەوەی پەیوەندی بە ناوەڕۆکی باسەکەمانەوە هەبێت بلاوئەکەینەوە :

١ ـ ڕێنووسی کوردی لە صەدەیەکدا (٤١) لاپەرەیە ، لەم کتێبەدا :

أ - له تۆو لۆی برێك رۆژنامەو گۆڤارو كتێبێكەوە هەندێ ووی رێنووسی كوردی دەربڕیوە •

ب - رێچكەیەكی دیاری كراوی نەگرتوەتە بەر ، پیتی عـەرەبی شان بەشان لاتینیو كتێبی (ئەلفو بێ)ی قوتابخانەكانی ئامێتەی (ئەلفو بێ)ی رێنووس كردووە •

ج - چارەسەری بۆ هیچ گیروگرفتێكی رێنووسی نەدۆزیوەتەوە •

د - پەنجەی بۆ هـەندێ سەرچاوەی گرنگی رێنووس درێژ نەكردووە وەك رێنووسەكـەی (نوری عـەلی ئـەمین)و (طاهیر صادق)و هەوڵو تەقەلای (بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی كوردی) •

لەبەر ئـەو هۆیانەی سەرەوە كتێبەكە بـە سەرەتایەك دائەنرێ دەربارەی لێكۆڵینـەوە لـە رێنووس بـەڵام سـەرتایـەكی كورتو سەرپێیی •

٢ - رێزمانی كوردی - (٢٩٤) لاپەڕەیە :

بە ناونیشان كتێبێكە لە سەر رێزمانی كوردی هەر لاپەڕەیەكی (فەرهـەنگ ئامێز)نیـوەی كوردیو نیوەكـەی بـەدامبـەری لێكدانەوەیـەتی بـەعـەرەبی ، نووسەر كاك (ئەحمەد) خۆی نەبەستوەتە رێنووسی كوردی ئەم سەردەمەوە داوا ئەكات ئەو

جوکلەو هێماو نیشانانەی کە ئەمە پەنجا ساڵە نووسەوانی کورد بۆ بەرەو پێشەوە بردنی نووسینی کوردی دایان هێناوە هەموو ئەو حەوت و خەت و هێمایانە لەسەر پیتەکان فڕێ بدرێن واتە پاشەو پاش بۆ ڕێنووسی بیستەکان بگەڕێینەوە دواوە ، لەبەر ئەمە بۆ چوونەکانی هیچ پێ و شوێن ناگرنەوە •

٣ - زمانی یەکگرتوی کوردی - (١٢١) لاپەڕەیە :

لەم کتێبەدا مامۆستا نەبەز بەشێوەیەکی زانستی چوەتە ناو کرۆکی (ڕێنووسی کوردی) یەوە ، ئەم چمکانەی لێ ئەخەینە بەرچاو کە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە ، نووسەر داوا ئەکات ، ئەڵێت :

١ - لە نووسینی کوردیدا نابێت (ژێری گوشراو-کسرە مختلسە-) بنووسرێت چونکە بریتی‌یە لە دەنگێکی زۆر کورت ، وەك بنووسرێت (من - نەك مین) (کوردستان - نەك کوردیستان)(٥١)

٢ - بە پێچەوانەی بۆ چوونەکەی (کۆڕی زانیاری) دەری بڕیوە کە ووشەی(ص)لە زمانی کوردیدا نیە •

٣ - دەنگی (وێ) وەك لەووشەکانی (خوێن - نوێن - جوێن) خۆماڵی نیە بەڵکو لە تورکی‌یەوە وەرمان گرتووە •

٤ - ئاوەڵناوی (دی) لە جیاتی (تر) بەکار بهێنرێت بادووەمیان هەر

بۆ (تفضیل) بەجێ بهێڵرێت .

٥ - ئەگەر پیتێکی دەنگداری درێژ پاش پیتێکی بێ‌دەنگ هات ، ئەو پیتە دەنگدارە درێژە لە هەمان ووشەی زمانی کوردیدا شێوەی پیتی دەنگداری خوار (ألامالة) وەردەگرێ ، وەك (رێ ، جێ ، پێ) لەبەر ئەمە ئەبێت بڵێین (لەرزۆتێ نەك لەرزۆتا) (رێبەر نەك رابەر) (ئاوەڵنێو نەك ئاوەڵناو) (بازێر نەك بازاڕ) (تەنێ نەك تەنیا) .

٦ - هەندێ ووشەی نوێی داهێناوە ، وەك :
(ئاینزا) سەجیاتی (مەزهەب) (جێ‌نێو لە جیاتی راناو) (بەرکار) بۆ (مفعول بە) ، (سادەو نسادە) بۆ (بسیط ومرکب) (دەمکات) بۆ (صیغة) .

٧ - هەروەها لە رووی لیکسیتۆلۆژیو فونۆلۆژیو ئۆرتۆگرافی‌یەوە[٥٢] زمانی کوردی یەکالاکردوەو تیادا سەرکەوتووە .

د - جەمال نەبەز لەبیروراو بۆچوونەکانیدا جگە لە خاڵی سێ‌هەمیان نەبێت ێکاوێتیو چارەسەری کردوون، ئەگەر کەف و کوڵی هەڵچوونو بلاو لاقرتێ‌یەکانی لەسەر بگرینەوە ئەوا کتێبەکە شوێنو مەقامێکی جایەخداری لە رێنووسو زمانی کوردیدا ئەشێ بۆ دابنرێت .

# دوو داهێنانی بێ ئەنجام :

ناو بەناوو لەم لاو لەو لاوە چەند کوردێك هەوڵی ئەوەیان داوە جۆرە پیتێکی تایبەتی بۆ نووسینی کوردی بدۆزنەوە ، لەو هەوڵو ئەرکانە دوانیان بەسەرەکی دائەنرێن .

یەکەمیان ــ مامۆستای نەمر مەلا کاکەحەمەی حاجی مەلا سەیفوڵلا (١٨٨٤-١٩٦١) ئەلفو بێ یەکی تایبەتی لە ژمارەوە داهێنا بوو ، ئەلفو بێ یەکە لەسەر بنچینەی ژمارە (ئۆ)و (چوار) بزوێنە ، بەم پێ یە (٣٨) پیتی نوێی فێری قوتابیانی (قوتابخانەی داودی میللی) ئەکرد[٥٣] .



دووەمیان - یەکێك لـە کوردەکانی یـەکێتی ی سۆڤیـەت (مامۆستا محـەمـەد عـەلی کوردستانی) ئـەلف‌و بێ یـەکی بۆ موسابەقەیـەکی نێو دەوڵەتان دانا ، لـەم موسابەقەیـە گرەوی یەکەمی بردەوە ناوی ئـەلف‌و بێ یـەکی ترا (ئەلف‌و بێ ی هاورێتی ی ناو گەلان - ابجدیة صداقة الشعوب) . ئـەلف‌و بێ یـەکی مـامۆستای کوردستانی بریتی بوو لە :

(دە)هێماو لە هـەر هێما یەکیانـەوە (چوار) ئیشارەتی داهێنا ، بەمە ژمارەی پیتەکان ئەبێتە (چل) بـەڵام لـە بنچینـەدا دە دەیان لێك ئـەچن بـەڵام بـەپێی دوو وەرچەرخاندنیان لـە نووسین یان خوێندندا دەنگەکانیان ئەگۆڕێن ، بەم ئەلف‌و بێ یە هەموو زمانەکانی سـەر

| СӘС ГРУППАРЫ | 6 | | | | 7 | | | | 8 | | | | 9 | | | | ١٠ | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | СӘССИЗЛӘР | | | | | | | | | | | | | | | |
| | ДИПОРТАСЫ БӘДИАРКАСЫ | | | | СОНОР | | | | БУРУН | | | | БОҒАЗ | | | | АФРИКАТ | | | |
| ӘСАС ИШАРӘЛӘР | Ɛ | | | | Г | | | | ʃ | | | | h | | | | ٤ | | | |
| АЈРЫ-АЈРЫ СӘСЛӘРИ ИФАДӘ ЕДӘН ИШАРӘЛӘР | [ | ] | [ | ] | L | ⅃ | Г | ˥ | ʃ | ˥ | L | ⅃ | h | Ч | ʎ | ʯ | ٤ | 3 | ٤ | 3 |
| АЗӘРБАЈҸАН ӘЛИФБАСЫ | К | К | Г | Ж | п | Ј | Р | . | М | Н | | | h | Х | ' | F | Щ | Ч | | |

زەمین ئەنووسرێن[٥٤]

ئەگەر بەراوردێك نێوان ئەم دوو (ئەلف و بێ)یە بکەین ئەبینین :

١ ـ ئەلف و بێ یەکەی (مەلا کاکە حەمە) باڵی کێشاوەتە سەر هەموو دەنگەکانی زمانی سەر ئەرزو بە هێما دەرئەبڕێت .

٢ ـ دیسانەوە هەر ئەم ئەلف و بێ یە هیچ نوختەیەکی نیەو بە ئاسانی پیتەکانی پێکەوە ئەلکێنرێن .

٣ ـ لە راستەوە بۆ چەپ و لە چەپیشەوە بۆ راست پێی ئەنووسرێت .

٤ ـ جیاوازی نیە نێوان پیتی گەورە یان بچوك هەموو پیتەکان چون یەکن .

هەردوو ئەم مامۆستایانە (مەلاکاکەحەمە)و (محەمەد عەلی) لە دڵسوزی و نیشتمانپەروەری و زانست ویستندا لێکەوە نزیکن[٥٥] .

## دوا قۆناغی باسەکەمان :

رێرەوی نووسینی کوردی لە یەکەم تێکستی چاپکراویەوە تا ساڵی ١٩٧٦ ئەوەی دەربڕیوە کە رێنووسی کوردی لە قاوغی جارانی خۆیدا نەماوەتەوەو بەرەو پێشەوە هەنگاوی ناوەو قۆناغێکی باشی بڕیوەو زاڵ بوەتە سەر زوربەی ئەو گیرو گرفتانەی کە

هاتوونەتە سەر ڕێگاکەی و توانیویێتی بە هەوڵ و تەقەلای ڕووناکبیرانەوە بگاتە پلەیەکی ئەوتۆ کەلەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت و بجەسپێت لەگەڵ ئەمەشدا چەند کەنەبەرێك ماوە هێشتا چارەسەری بۆ نەدۆزراوەتەوە ، وەك :

١ - دەنگی (وێ) دەنگێکی ڕەسەنی کوردی یە بەڵام تائێستا هیچ چوکلەو نیشانەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە کەلە (واو)و(ێ)ی کراوە جیای بکاتەوە وەك (خوێن ، شوێن ، نوێن ، بزوێن) ٠

٢ - دەنگی(وی)یش دیسانەوە دەنگێکی ڕەسەنی کوردی یە لە(کرمانجی باکوور)و (لوڕو فەیلی و گەرمیان)دا هەیە و تائێستا هیچ چوکلەو نیشانەیەکی بۆ نەدۆزراوەتەوە ، وەك لە ووشەکانی (سویر ، دویر ، ژویر) ٠

٣ - باشترین (ئەلف و بێ) ئەوەیە هەر دەنگێك یەك پیت لە نووسیندا دەری ببڕێت ، ئەگەر بەم بنەمایە قایل بین ئەبێت دووبارە چاوێك بخشێنینە سەر هەموو ئەو چوکل و نیشانانەی کەتا ئێستا دانراون هەوڵ بدەین ئەلف و بێ یەکی نوێی بێ چوکل و تەقەڵ دابهێنین ٠

٤ - هەندێك پیتی کلۆری وەك (ت ٠ ك ٠ د) لە گفتوگۆکردندا لە

هەندێك شێوە زمان قوت ئەدرێن پێویستە لە نووسینەوەیاندا نەقرتێنرێن ، وەك (باوكت ، هەندێك ، بەد) .

٥ - لە پێناوی نزیك بوونەوەی شێوەی زمانەکەمان چاکتر وایە لە بریتی (ئە)ی فرمانی داهاتوو (دە) بەکار بهێنرێت .

٦ - لە کوردیدا هەر پیتێکی گیرەدار دوو جار ئەنوسرێتەوە ، کەچی ماوەیەکە بە دەست (ر)ی گیرەدارەوە گیرمان خواردووە ، جارێك حەوتی ئەخەینە ژێرو جارێکیش ئەیگوێزینە سەرەوەی .

٧ - هێشتا لە نووسیندا بەتەواوەتی چارەسەر بۆ (ی) اضافە نەدۆزراوەتەوە .

٨ - لەنووسینی (واوی درێژو یێی درێژ) دووبەرەکی کەوتوەتە نێو نووسەرانمانەوە چاکتر ئەوەیە بە دوو(واو)یان(ی) بنوسرێت و تەقەڵو کەشیدەی لەسەر لابدرێت .

گەیشتنە ئەم ئامانجانەو چارەسەرکردنی ئەو کەلەبەرانەی هێشتا ماون و ئەکەونە ئەستۆی دەزگا رۆشنبیری و یەکێتی و کۆمەڵە رۆشنبیری و پسپۆرو نووسەرانەوە ، بابەرەو یەکخستنی رێنووسی کوردی هەوڵ بدەین و بکۆشین .

## پەراویزەکان :

١ - یەکەم (بلیۆگرافیا) لە ساڵی ١٩٦١و دووەم (بلیۆگرافیای کتێبی کوردی) لە ساڵی ١٩٧٧ چاپکراوە ، دووەمیان ئەو کتێبانەی گرتوەتەوە کە نێوان ساڵانی(١٧٨٧-١٩٧٥)چاپکراون و ژمارەیان گەیشتوەتە (١٢٥٤) کتێب ، ئەم بلیۆگرافیایە لە سەرئەرکی (کۆڕی زانیاری کورد) چاپکراوە .

٢ - لەو رۆژنامەو گۆڤارانەی کە لەسەر رێنووسیان نووسیوەتەوە ئەمانەن (گەلاوێژ ، ژین ، هەتاو ، نووسەری کورد ، هیوا ، پێشکەوتن ، بەیان ، هاوکاری ، گۆڤاری کۆڕ ، رۆژی کوردستان) .

٣ - ناوی ئەو کتێبانە بەپێی بابەت و شوێنی خۆی لەم کتێبەدا نوسراوە .

٤ - بڕوانە : کتێبی (قواعد اللغة الكردية) نووسینی (تەوفیق وەهبی) - ١٩٥٦ .

٥ - بڕوانە : کتێبی (التعريب و مستقبل اللغة العربية)لاپەڕە (٩٢) .

٦ - واتە : چاخی نوێی بەرد (٧٠٠٠ - ٧٥٠٠)ی پێش زایین .

٧ - بڕوانە کتێبی (تاريخ الجنس العربي) - محمد عزة دروزة -

ج١/ل٢٦ ٠

٨ - بڕوانە کتێبی (نشأة الخط العربی) - محمود الجبوری/١٩٧٤

٩ - بڕوانە گۆڤاری (اللسان العربی) ژمارە (١) بەرگ (١) الرباط ساڵ ١٩٧٣ ٠

١٠- بڕوانە کتێبی (المقدمة) د٠ عبدالمنعم ماجد لاپەرە/٣٥٦ ٠

١١- بڕوانە کتێبی (تأریخ الخط العربی) - محمد طاهر الکردی ٠

١٢- بەعەرەبی بەم سەروبۆر دانانە (اعجام) ئەوترێت ٠

١٣- بڕوانە ؛ گوڤاری (اللسان العربی) بەرگی یازدەهەم لاپەرە/٧٣

١٤- بڕوانە: رۆژنامەی (التآخی) رۆژی ٢٦-٤-١٩٧٣ روژنامەی (العراق) ژمارە (٢٩١)ی رۆژی ٧-٢-١٩٧٧ نووسینی (کەمال نوری مەعروف) ٠

تەڵاچەرمو - یازدە کیلۆمەترە لە چەمچەماڵەوە دوورە

١٥- بڕوانە: رۆژنامەی (العراق) ژمارە (٢٧٦) رۆژی ٢٠-٢-١٩٧٧ (فؤاد حمە خورشید) باسێك لە ژێر ناونیشانی (شانیدەر - شعب الزهور الاول) ٠

١٦- بڕوانە : مێژووی (کوردوستان) - محمد ئەمین زەکی -١٩٦٦

١٧- بڕوانە - گۆڤاری (زانیاری)-ژمارە (٤) ساڵ ١٩٧١ (زاراوەکانی زمانی کوردی) •

١٨- وەك کتێبی (شوق الانام فی معرفة رموز الاقلام) دانەری (ئەبوبەکر الوحش النبطی الکلدانی) •

١٩- بڕوانە : مێژووی (کوردو کوردستان) نووسینی (ئایەتوڵڵای مەردۆخی) لاپەرە (٣٩-٤٠) •

٢٠- کتێبی (جامع‌یی رسالیان‌و حکایتان بزمانی کورمانجی) چاپی (١٨٦٠) بطرسبورغ - کتێبەکە بریتی‌یە لە (٢٤١) لاپەڕە (١٣٠) لاپەڕەی کوردی‌یەو بە پیتی عەرەبی نوسراوە ، ئەو دوایی فەرەنسی‌یە ، لە کتێبەکەدا (٤٠) چیرۆکی کوردی هەیە • (جابا) قۆنصۆلی رووسی لە (ئەرزرۆم) لە دەم مەلا (مەحمودی بایەزیدی) وەرگرتووە •

کتێبی (عادات‌و رسوماتنامەئی اکراد) دیسانەوە مەلامەحمودی بایەزیدی ١٩٠٦ ژمارە عادات (داب‌و نەریتی) کوردەواری کۆکردوەتەوەو نوسیویانەتەوە لە ساڵی (١٩٦٣) دا (ماوگرت رۆدینکو) لەقەوارەی (١٤١) لاپەڕەدا چاپی کردووە •

٢١- لە زمانی عەرەبیشدا ئەو ووشانەی کە پیتەکانی (ط•ظ•ص• ض)یان تێدایە ، لە چاو ئەوانیتردا کەمن لە قورئانی پیرۆزدا

دەبینین لە هەزار ووشە تەنها هەشت ووشەیان پیتی (ص)
تێدایەو شەشیان پیتی (ض)و چواریان پیتی (ط)و تەنها
سیانیشیان پیتی (ظ)ی تێدایە کەچی لە هەزار ووشەدا(٢١٣)
ووشەی عەرەبی پیتی (نون)ی تێدایە ، ئەمە ئیشارەتێکە بەرەو
شارستانێتی بڕوانە ـ کتێبی (فی اللهجات العربیة) ـ ابراهیم
انیس چاپی چوارەم ساڵی ١٩٧٤ .

٢٢ـ الهدیة الحمیدیة فی اللغة الکردیة ١٣١٠ی کۆچی ـ ١٨٩٣ی
زایینی لە ئەستەموڵ لە چاپخانەی (شرکت مرتبیه) چاپکراوە ،
بریتی‌یە لە (٣١٦) لاپەڕە، لە کتێبەکەدا بە هەژدە باس ڕێزمانی
کوردی بە زمانی عەرەبی روون ئەکاتەوە ، فەرهەنگێکی
کوردی ـ عەرەبی تێدایە . لەدوا لاپەڕەکانیدا (نەوبەهار)و
(عەقیدەی ئیمانی)خانی بڵاوکردوەتەوە .

٢٣ـ (ئینجیلی مەرقوس ٥٣ لاپەڕەیە ، ئینجیلی لوقا ٩٤ ل ، مەتتا
٨٧ل ، یوحەننا ـ ٧٢ل) .

٢٤ـ (انجمن ادیبان کورد ١٩٢٠) لەلایەن ئەمین فەیضی بەگەوە
(١٨٦٠ـ١٩٢٣) لە چاپخانەی (ترجمان حقیقت) لە ئەستەموڵ
بە قەوارەی (١٤٧) لاپەڕە چاپکراوە .

٢٥ـ (مجمع البحرین فی اقتناء النیرین) کتێبێکی ئاینی‌یە لە (٤٩٠)

لاپەڕەدا لە ساڵی ١٩٧٣ لەبەغداد چاپکراوە .

٢٦- کۆڕی زانیاری کورد لە ژمارە یەکی گۆڤارەکەیدا کەلە ساڵی ١٩٧٣ دەرچووە ئەم بڕیارەی دووبات کردوەتەوەو بێ ئەوەی پەنجە بۆ سەرچاوە ڕەسەنەکەی پێشوی رابکێشێت .

٢٧- لە لاتینیدا لە بریتی ئەم دەنگە ( L ) ی بێ نوختە بەکار ئەهێنرێت و لە خوێندنەوەیدا بێدەنگ ئەبێت ، لەم دواییەدا (کۆڕی زانیاری) کەوتە سەر ئەوەی زیندووی بکاتەوە .

٢٨- ئەم پێشنیازە لەو ساوە نەچەسپاوە ، لە زمانی ئنگلیزیدا چەند پیتێك هەن لە ووشەدا ئەنووسرین وەلێ ناخوێنرێنەوە وەك K لە KNEE و ( L ) لە CHALK با ئەم پیتانەی خۆشمان بنووسرین و نەخوێنرێنەوە بێ ئەوەی خاڵ و چوکڵیان پێویست بێت .

٢٩- بڕوانە کتێبی (گیچمشدە بوگون)ی (نورالدین ئەردهان)بە تورکی ١٩٥٤ .

٣٠- لەم دواییەدا چەند تورکێکی ئەو وڵاتەم بینی دڵیان بۆ پیتی (عەرەبی) لێ ئەداو لاتینیان بەدڵ نەبوو چاریشیان ناچار بوو ، لە دەم کار بەدەستێکی کوردم بیست کە وەزیرێکی تورك تا ئێستاش زۆر شتی خۆی بە پیتی عەرەبی ئەنوسێت و

به تەواوەتی نەیویستوە فێرە لاتینی بێت •

٣١- (دڵێ کورێن من) یەکەم کتێبی (کامیران بەدرخان)ە کەلە ساڵی ١٩٣٢ چاپی کردووە ، دوا کتێبیشی (دەسپێکە خوێندن)ە کەلە ساڵی ١٩٧١ چاپی کردووە ، دکتۆر کامیران (٦٦٠) لاپەرە کتێبی چاپ کردووە •

٣٢- وەك کتێبی (فەرهەنگی کوردی - تورکی) مووسا عەنتەرە کە دوو صەد لاپەرەیەو لە ساڵی ١٩٦٧ چاپکراوەو یانزدە هەزاو ووشەی کوردی بەتورکی لێکداوەتەوە • هەروەها (محمد ئەمین بۆز ئەرسەلان) برە کتێبێکی چاپ کردووە وەك (ئەلف و بێ)و (مەمو زین) •

٣٣- خورشیدی خاوەر : نووسینی (میرزا مستەفا دلیدلی سنەیی) بلاوکەر (أ•ش،مەریوانی) • داستانێکە لە ٧٥ لاپەرەدا • مەبەست لە (أ•ش) - احمد شکری برین پێچە - ئەم شاعیرە ئێستا لە سلێمانی بە (دکتۆر شۆ) ناوبانگی دەرکردووە •

٣٤- (رۆشن) ووشەیەکی فارسییە بەرامبەرەکەی بە کوردی (رووناك)ە لە جیاتی ووشەی (مثقف)ی عەرەبی ئەمرۆ لە کوردیدا (رۆشنبیر) بەکار ئەهێنرێت کەچی راستیکەی (رووناك بیرە) •

٣٥- ئەم بڵاوکراوەیە لە ساڵی ١٩٥٢ یەکەم ژمارەی دەرچوو لە پێشدا لە (بەیروت) چاپ ئەکرا ئنجا لە چاپخانەی (مەعاوف) لە بەغداد ، تیشکی شۆرشی چواردەی تەمووزی ١٩٥٨ کوژاندیەوە •

٣٦- مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) لە ژمارە(٢٣)ی ساڵی ١٩٧٥ی گۆڤاری (بەیان) دەربارەی ئەم چوکلانە ئەڵێت ( ناردم یا لەندەن یا لە قاهرە ئەم چوکلانەیان دارشت‌و لە ساڵی ١٩٥٢ یەکەم کتێبم - ناوی کوردی - م پێ چاپ کرد) • لە جنەماڵەی بڵاوکراوەی (پەیام) ئەوی لەبەغداد ماپێت مامۆستا بەگو دلێرە رۆژی ٨-٨-١٩٧٦ چووم دەربارەی ئەو چوکلانە پرسیارم لێ کرد ووتی (بەیارمەتی‌و لێ پرسینی مامۆستا تەوفیق وەهبی چوکلەکانمان وێنە کێشاو ناردمان لە لەندەن دروستکراو بە چاپخانەی مەعارفمان سپارد ئەویش بەو چەشنە پەیامی پێ چاپ کرد) دانانی‌و دۆزینەوەی ئەم چوکلانە هەنگاوێکی بەوەر پێشەوە بردنی رێنووسی کوردی ئەو سەردەمەیەو دەمێکە تەوفیق وەهبی بیری لێ کردوەتەوە ، کتێبی (ناوی کوردی) مامۆستا عەلائەدینیش لەساڵی ١٩٥٣ چاپکراوە نەك ١٩٥٢ •

٣٧- وەك لە شوێنێکی تری باسەکەماندا دەرمان بری نەو پیتانەی قووت ئەدرێن چاکتر وەهایە بنووسرێن بێ ئەوەی هیچ ترختەیو

چوکڵیان بخرێته ژێر ، ئەمە لە زمانەکانی تردا هەیەو باوە ٠

٣٨- ئەم گیروگرفتە تا ئێستا چارەی بۆ نەدۆزراوەتەوە ٠

٣٩- لە ساڵی ١٩٥٦ ژمارەی کتێبە کوردی یەکانمان (٣٥) بوو لە ساڵی ١٩٥٧ گەیشتە (٣٣) کەچی لە ساڵی ١٩٥٨ بازیدا تا گەیشتە (٥٤) کتێب ٠

٤٠- رابەری بۆ ئیملای کوردی-نوری عەلی ئەمین ١٠٠ لاپەڕە چاپخانەی (سلمان الاعظمی)- بەغداد ٠ بەشەکانی ئەمانەن (دەنگ و پیتەکان ، ووشەو بڕگەو گیرەو هەندی پیت ، گیرو گرفتی ووشەی لێکدراو ، فرمانی لکاو ، پێشبەند ، ئامرازی - ی - پەیوەندی ، پیتە ناوبەندی -و- پاشبەند ، خاڵبەندی) ٠

٤١- رێنوس (چۆنێتی نوسینی کوردی) ١٤٤ لاپەڕە - طاهیر صادق کەرکوك - چاپخانەی شیمال ١٩٦٩ ٠

٤٢- وەك (میهرو وەفا - ١٩٦٦) (شێخی صنعان - ١٩٦٧) (شۆر مەحمودو مرزینکان - ١٩٧٠) (شێخ فەرخ و خاتون ستێ ١٩٧٣) ٠

٤٣- (قەڵای دمدم و خانی لەپ زێرین) کتێبێکی مێژوویی و فۆلکلۆری یە لە چاپخانەی (ارزنگ) لە مەهاباد ساڵی ١٩٧٠ چاپکراوە ٠

٤٤- لەساڵی ١٩٦٦ لە عیراق (١٣) کتێبی کوردیمان بۆ چاپکراوە لە ساڵی ١٩٦٧ بووبە (٣٧) کتێب لـە ساڵی (١٩٦٨)دا گەیشتە (٦٢) کتێبو لەساڵی (١٩٦٩)یش (٦٩) کتێب لە ساڵی ١٩٧٠ بازی دایە (٧٦) کتێب •

٤٥- کۆڕی زانیاری کورد : بەپێی بریاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (٩٩٦)ی رۆژی ٢٩-٨-١٩٧٠ دامەزرا ، لـە ساڵی ١٩٧٣ یەکەم ژمارەی لـە گۆڤارەکـەی دەرکرد تا دوا رۆژەکانی ساڵی ١٩٧٦ شەش بەرگە گۆڤار بەقەوارەی (٤٠٣٠) لاپەڕەو سی کتێبی بـە قـەوارەی هـەشت هـەزار لاپەڕەیـەك چاپ کردووە •

٤٦- بەڕێوەبـەرێتی گشـتی رۆشنبیری کوردی - یەکێکـە لـە دەستکەوتەکانی بەیانی یانزدەی ئاداری ١٩٧٠ لە پێشدا ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یـە بڵاوکراوەیەکی بـەناو (رۆشنبیری نوێ)وە بڵاو ئەکردەوە پاش ئەوە بەماوەیەك قاڵبی گۆڤاری گرتەوە ، ئـەم دەزگایە لە ماوەی پێنج سـاڵدا دەکتێبی کوردی بـە قـەوارەی (٩١٧) لاپـەڕە چـاپکردووە • ئێسـتا (دەزگای رۆشنبیری کوردی) لەسـەر ئـەو بناغەیـە رواوەو پـەرەی سـەندووە • ئەم دەزگایـە لـە مـەیدانی رێنووسی کوردیدا دەورێکی ئەوتۆی نەبووە •

٤٧- زانکۆی سلێمانی-بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەوکردایەتی شۆڕش لە ڕۆژی ٢٣-١٠-١٩٦٨ دامەزراوەو ساڵ بە ساڵ لە پەرەسەندندایەو ئێستا زووبەی کۆلیجە زانستەکان و بەشی کوردی تێدایە بەڵام نە لە مەیدانی بڵاوەکراوەو کتێبی کوردیو نەلە ڕێنووسی کوردیدا دەورێکی ئەوتۆی نەنواندووە .

٤٨- دەربارەی کتێبی کوردی قوتابخانەکانمان بیبلیۆگرافیایەکی تایبەتم بەدەستەوەیە هومێدەوارم لە ساڵانی داهاتوودا بێتە بەرهەم .

٤٩- تەنیا شێوە کوردی سلێمانیو گەرمیانی لێ دەرچێت کوردی هەولێرو کرمانجی ژووروو قەزاکانی سلێمانی لە جیاتی(ئە)ی موزاریع لە ئاخافتندا (دە) بەکار ئەهێنن .

٥٠- بڕوانە-گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ژمارە (١) ساڵ ١٩٧٣ لە لاپەڕە (٣٦٤)وە تا لاپەڕە (٣٧٩) .

٥١- دانانی (ی) لە جیاتی ئەو دەنگە کورتە یەکێك لە پێشنیازە سەر نەکەوتووەکانی تەوفیق وەهبی یە .

٥٢- (لیکسیۆلۆژی) واتە (ووشە داتاشین)
(فۆنۆلۆژی) واتە (زانستی ناسینی دەنگەکان)
(لیکسیکۆلۆژی) واتە (زانستی ناسینی ئەو ووشانەی کە

له زمانه‌که‌دا به‌کار نه‌هێنرێن)

(ئۆرتۆگرافی) واته (زانستی وێنه‌ی نووسینی ده‌نگه‌کانی زمان) مه‌به‌ست له (ڕێنووسه) •

٥٣- بڕوانه - کتێبی (مامۆستای نه‌من) - سالی ١٩٧٢ بڕێته له ٨٢ لاپه‌ڕه •

٥٤- بڕوانه - ڕۆژنامه‌ی (التآخی) ڕۆژی ١٨-٢-١٩٧٣ نووسینی باسه‌که (محمدی مه‌لا که‌ریم) •

٥٥- بروانه ڕۆژنامه‌ی (التآخی) ڕۆژی ٢-٣-١٩٧٣ (صبغ کوردی آخر لأبجدّية عالمية اخرى) - نه‌ریمان •

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ـ بغـداد
١٦٦١ لسـنة ١٩٨١
مطبعة شفيق ـ بغداد ـ ٥٠٠٠ نسخة

الجمهورية العراقية
وزارة الثقافة والاعلام
دار الثقافة والنشر الكردية
سلسلة اللغة (٥)

# جذور الاملاء الكردي

مصطفى نريمان

تصميم الغلاف: هناء صباح

السعر ١٠٠ فلس

توزيع الدار الوطنية للتوزيع والاعلان

دار الحرية للطباعة - بغداد